# گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی

ژمارە (٦٠) ٢٧٢٤ی کوردی ٢٠٢٤ی زایینی

# گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی

ژمـــارە (٦٠) ٢٧٢٤ی کـــوردی ٢٠٢٤ی زایینـــی



سەرۆکی ئەکادیمیای کوردی و خاوەن ئیمتیازی گۆڤار
حەمەسەعید حەسەن کەریم

سەرنووسەر:
**پ.د. کاروان عومەر قادر**

بەڕێوەبەری نووسین:
**د. پەخشان فەهمی فەرحۆ**

دەستەی نووسەران:
- **پ.د. قەیس کاکل تۆفیق**
- **پ.د. موحسین ئەحمەد عومەر**
- **پ.د. بەختیار سەجادی**
- **پ.د. فەرهاد قادر تۆفیق**
- **پ.ی.د. عەبدلواحید ئیدریس شەریف**
- **پ.ی.د. نەوزاد ئەسوەد ئەحمەد**
- **د. لەزگین عەبدولڕەحمان ئەحمەد**

دەستەی ڕاوێژکاران:-
- **پ.د. میشێل لیزەنبێرگ**
- **پ.د. مارتن ڤان برونسن**
- **پ.د. جەلیلی جەلیل**
- **پ.د. ساڵح ئاکین**
- **پ.د. جەعفەر شەیخولئیسلامی**
- **پ.د. عەبدولڕەحمان ئەداك**
- **پ.د. هاشم ئەحمەد زادە**



**هەولێر - شەقامی هەڵەبجە**

ISSN: 2520-4106

http;//gov.krd/ka

# ڕۆڵی هەندێک لە هونەرە جوانکارییەکان لە گۆڕانی ئاسۆی پێشبینیی خوێنەردا

## (شیعری چەند شاعیرێکی کلاسیزمی کوردی بە نموونە)


د. ڕێبین خلیل قادر

بەشی زمانی کوردی – کۆلێژی پەروەردە –
زانکۆی سەڵاحەدین
Rebeen.qader@su.edu.krd



**پوختە:**

لە ڕەخنەی نوێ و هاوچەرخدا بایەخدان بە خوێنەر و مامەڵەکردنی لەگەڵ دەق و تێگەیشتن و لێکدانەوەی نهێنی و واتاکانی یەکێکە لە خاڵە گرینگەکان، یەکێک لەو لایەنانەی پێوەندیی ڕاستەوخۆی بەو بابەتانەوە هەیە ئاسۆی پێشبینیی خوێنەر یان وەرگرە. ئاسۆی پێشبینیی خوێنەر چەمکێکە یاوس دایهێناوە و بریتییە لە کۆمەڵێک ئەزموون و گریمانە و پێوەر و پێشبینی لای خوێنەر کە بە هۆیانەوە پێشوازی لە دەق دەکات و لێکی دەداتەوە. ئەم حاڵەتە لە ڕەوانبێژیدا هەستی پێ کراوە، بەتایبەت کاتێک لە توێژینەوەی ڕەوانبێژیدا بایەخ بە مەسەلەی میکانیزمەکانی وەرگرتنی دەق دراوە. ئەگەر هاتوو دەق لەگەڵ (مقتضی الحال) یەکی گرتەوە، ئەوا لەنێوان ئاسۆی دەق و ئەوەی دەق پێشکەشی کردووە لەگەڵ ئاسۆی پێشبینیی خوێنەر هاوتەریبن و کێشە بۆ ئاسۆی پێشبینیی خوێنەر دروست نابێت، بەڵام ئەگەر دەقەکە لەمیانی ئەو لادانەی تێیدایە لە (مقتضی الظاهر) لای دا؛ واتە ئەوەی خوێنەر پێشبینیی دەکات وا نەبوو، ئەوا ڕەگەزی لەناکاوی و سەرسوڕمان لای خوێنەر و وەرگر ڕوو دەدات، کە هانی خوێنەر دەدات ئەو لادانە بدۆزێتەوە بە پشتبەستن بە ئاسۆیەک کە لە توانایدا هەبێت لەو واتایە تێ بگات کە دەقەکە لەخۆی گرتووە. چەندین هونەری جوانکاری هەن کە کاریگەرییەکی گەورەیان لە دروستکردنی سەرسوڕمانی لە خوێنەردا و پێچەوانەی ئاسۆی چاوەڕوانیی خوێنەرن هەیە، خوێنەریش سەری سوڕ دەمێنێت لەوەی چاوەڕێی دەکرد و پێشبینی دەکرد، بۆیە دەبینێت ناکۆکی لە نێوان ئاسۆی دەق و ئاسۆی چاوەڕوانییەکەیدا هەیە، ئینجا ئاسۆی چاوەڕوانیی خوێنەر دەگۆڕێت، چونکە خوێنەر چاوەڕوانیی شتێک دەکات و دەقەکە شتێکی دیکە دەڵێت.



کلیلەوشە: جوانکاری، ئاسۆی پێشبینیی خوێنەر، ستراتیژییەتیی بونیادنانی واتا، خوێنەر، دەق.

**پێشەکی**

**ناونیشانی توێژینەوە**

ئـەم توێژینەوەیــە بــە ناونیشــانی "ڕۆڵــی هەندێــک لــە هونــەرە جوانکارییــەکان لــە گۆڕانــی ئاســۆی پێشــبینیی خوێنــەردا، شـیعری چەنـد شـاعیرێکی کلاسـیزمی کـوردی بـە نموونــە"، هەوڵێکــە بــۆ خوێندنەوەیەکــی هاوچەرخانــەی شـیعری کلاسـیزمی کـوردی لـە ڕوانگـەی میتـۆدە ڕەخنەییـە نـوێ و هاوچەرخەکانـەوە، بەتایبەتیـش لێکدانـەوەی هونـەرە ڕەوانبێژییـە بەکارهاتـووەکان لـە شـیعری کلاسـیزمی کودیـدا لـە ڕوانگـەی تیـۆری وەرگرتـن بەگشـتی و چەمکـی ئاسـۆی پێشـبینیی خوێنـەری (یـاوس) بەتایبەتـی. لـەم توێژینەوەیـەدا هـەوڵ دراوە کاریگەریـی هونـەرە جوانکارییـەکان لـە گۆڕانـی ئاسـۆی پێشـبینی خوێنـەر ڕوون بکرێتـەوە. توێژینەوەکـە خـۆی لــە لێکدانــەوە و خوێندنــەوە تەقلیدییــەکان بــۆ هونــەرە جوانکارییەکانــی دێــرە شــیعرییەکان بــەدوور گرتــووە.

**گرنگیی توێژینەوە**

گرنگــی و بایەخــی ئــەم توێژینەوەیــە لەوەدایــە کــە هــەوڵ دراوە پاشــماوەی شــیعری کــۆن و کلاســیزمی کــوردی لــە ڕوانگــەی تیــۆر و میتۆدێکــی ڕەخنەیــی هاوچەرخــەوە مامەڵــەی لەگەڵــدا بکرێــت، بەتایبەتیــش بابەتێکــی وەکــو ڕەوانبێژیـی کـۆن کـە زۆرێـک لـە توێژینـەوەکان لـەم بارەیـەوە لەسـەر ڕێچکـە کـۆن و تەقلیدییەکـە دەڕۆن و ئاسـایی هونـەرە ڕەوانبێژییـەکان لـە دێـرە شـیعرییەکاندا ڕاڤـە دەکـەن و تەنیـا وەسـتایی و دەسـتڕەنگینی شـاعیرەکان لـەم بارەیـەوە پیشـان دەدەن، بـێ ئـەوەی کاریگەرییەکانـی ئـەم تەکنیـک و هونەرانـە لـە ڕوانگـەی ڕەخنـەی نـوێ و هاوچەرخـەوە لەسـەر وەرگـر و خوێنـەردا ڕوون بکەنــەوە.

**میتۆدی توێژینەوە**

لــەم توێژینەوەیــەدا پێــڕەوی تیــۆری وەرگرتــن و لەنێــو ئــەم تیۆرەشـدا پێـڕەوی تیـۆر و بۆچوونەکانـی (هانـز ڕۆبێـرت یـاوس) کــراوە، بەتایبەتیــش خوێندنــەوەی شــیعرەکان لــە ڕوانگــەی (ئاسـۆی پێشـبینیی خوێنـەر)ەوە.

**کەرەستەی لێتوێژراو و سنووری توێژینەوە**

ئـەو دەقانـەی لـەم توێژینەوەیـەدا وەکـو کەرەسـتە بـەکار هێـنراون چەنـد دێـرە شـیعرێکی چەنـد شـاعیرێکی کلاسـیزمی کوردیـن (بـە زاری کرمانجیـی خـواروو)، کـە بریتیـن لـە: نالـی، حاجـی قـادری کۆیـی، شـێخ ڕەزای تاڵەبانـی، حەمـدی.

**پلانی توێژینەوە**

توێژینەوەکــە لــە پێشــەکی و دوو بەشــی ســەرەکی پێــک هاتـووە و لـە کۆتاییشـدا ئەنجامـەکان و لیسـتی سـەرچاوەکان خراونەتـە ڕوو. بەشـی یەکـەم تایبەتـە بـە (ئاسـۆی پێشـبینی و هونـەرە جوانکارییـەکان) و لـە سـێ تـەوەرە پێـک هاتـووە. لـە تـەوەرەی یەکەمـدا چەمکـی ئاسـۆی پێشـبینی خراوەتـە ڕوو. لـە تـەوەرەی دووەمـدا سـتراتیژیەتیی ئاسـۆی پێشـبینی لـە بونیادنانـی واتـا لـە دەقـدا خراوەتـە ڕوو. تـەوەرەی سـێیەمیش تایبەتـە بـە هونـەرە جوانکارییـەکان و ڕۆڵیـان لـە گۆڕانـی ئاسـۆی پێشـبینی خوێنـەردا. بەشـی دووەمیـش پراکتیکییـە و هــەوڵ دراوە ڕۆڵــی هونــەرە جوانکارییــەکان لــە گۆڕانــی ئاسـۆی پێشـبینی خوێنـەردا بـە نموونـەی شـیعری کلاسـیزمی کــوردی ڕوون بکرێتــەوە.

**بەشـی یەکـەم: ڕۆڵـی هەندێـک لـە هونـەرە جوانکارییـەکان لـە گۆڕانـی ئاسـۆی پێشـبینی خوێنـەر**

**تــەوەرەی یەکــەم: چەمکــی ئاســۆی پێشــبینی خوێنــەر (افــق الأنتظــار القــارئ)**

ئـەم زاراوەیـە لـە زمانـی کوردیـدا زاراوەی (ئاسـۆی پێشـبینی خوێنـەر - وەرگـر) یـان (ئاسـۆی چاوەڕوانـی خوێنـەر - وەرگـر) ی بـۆ بـەکار دەهێنرێـت. لـە زمانـی عەرەبیـدا زاراوەی (افـق الأنتظــار القــارئ – المتلقــي) یــان (افــق التوقــع القــارئ – المتلقــي) بــۆ بــەکار دەهێنرێــت، و لــە زمانــی ئینگلیزیــدا زاراوەی (Horizons of Expectation)ی بـۆ بـەکار دەهێنرێـت. ئەمـە یەکێکـە لـەو زاراوانـەی کـە تیـۆری وەرگرتنـی (یـاوس) ی لەسـەر دامـەزراوە و (یـاوس) بـە کاریگـەری هـەر یەکـە لـە (گادامێـر) و (کارل پۆپـەر) چەمکـی ئـەم زاراوەیـەی لـە بـواری فەلسـەفەوە بـۆ نێـو ڕەخنـەی ئەدەبـی و تیـۆری وەرگرتـن گواسـتەوە؛ کەواتـە زاراوەکـە بەگوێـرەی بـواری فەلسـەفەوە ئەوەنـدە نـوێ نییـە. (یـاوس) زاراوەکـەی لـە دوو زاراوەی تـری ئـەم دوو فەیلەسـوفە دروسـت کـردووە و "چەمکـی (ئاسـۆ) ی لـە (گادامێـر (Gadamier وەرگـرت و لەگەڵیـدا چەمکـی (چاوەڕوانـی) کـە لـە چەمکـی (نشوسـتی چاوەڕوانـی) لای (کارل پۆپــەر Karl R. Popper) وەریگرتبــوو پێکــی هینــاوە"

(محمـد، ١٩٩٩، ١٠٩). لـە هـەردوو زاراوەکـەوە زاراوەیەکـی تـری داهێنـا بـە نـاوی (ئاسـۆی چاوەڕوانـی) و پێـی وابـوو کـە ئـەم دوو زاراوەیـە کـە لـە فەلسـەفەی مێـژوودا بەکارهێـنراون، لـە توانایانـدا هەیـە بۆچـوون و هیـوای ئـەو لەبـارەی گرنگـی وەرگـر لـە تێگەیشـتن لـە ئـەدەب و مێژووەکـەی بسـەلمێنن.

(یـاوس) پێـی وایـە کـە سیسـتەمی سـەرچاوەیی ئاسـۆی پێشـبینی بەرهەمـی سێ هـۆکاری سـەرەکییە و لـەم بارەیـەوە دەڵێـت: دەکرێـت شـیکاری ئەزموونـی ئەدەبـی لـەو خواسـت و مەیلـە دەروونییـەی کـە هەڕەشـەی لێـدەکات ڕزگاری بێـت، ئەگـەر بـە نیـازی ئـەوە بێـت ئاسـۆی چاوەڕوانـی وەرگـرە یەکەمەکانـی خـۆی دابڕێژێتـەوە بـە مەبەسـتی وەسـفکردنی پرۆسـەی وەرگرتنـی ئـەو کاریگەرییـە ئەدەبییـەی کـە بەرهەمـی دێنێـت، ئەمـەش واتـە دووبـارە داڕشـتنەوەی ئـەو سیسـتەمە سـەرچاوەییەی (المرجعي) کـە لـە توانایدایـە بەشـێوەیەکی بابەتییانـە دیـاری بکرێـت کـە بـۆ هـەر کارێکـی ئەدەبـی لـەو سـاتەوەختە مێژووییـەی تێیـدا دەرکەوتـووە بەرهەمـی سێ هـۆکاری سـەرەکییە:

- ئەزموونـی پێشـوی وەرگـر لـەو ژانـرە ئەدەبییـەی کـە بەرهەمەکـە سـەر بـەو ژانرەیـە.
- شـێوە و ناوەڕۆکـی بەرهەمەکانـی پێشـووتر کـە پێویسـتە لـە بەرهەمـە نوێیەکـەدا بزانرێـت.
- دژیەکـی و جیـاوازی لـە نێـوان زمانـی شـیعری و زمانـی کردارەکـی و لـە نێـوان جیهانـی خەیاڵـی و واقیعـی ڕۆژانـەدا (یـاوس، ٢٠١٤، ٦٣).

بابەتەکـە پەیوەسـتە بـە مەسـەلەی پێوەندیـی نێـوان خوێنـەر و ئـەو دەقـەی پێشـوازی لێ دەکات و وەریدەگرێـت و ئاوێتـەی دەبێـت، کـە ئەمـەش پێوەنـدی بـە شـارەزایی و ئەزمـوون و زانیارییـە پێشـوەختەکانی خوێنـەر و وەرگرەکانـەوە هەیـە کـە لەبـارەی دەقـە ئەدەبییەکانـەوە هەیانـە. یـان ئـەو فـۆرم و تەکنیـک و بابەتانـەی پێشـتر خوێنـەر لـە دەقـی تـردا درکـی پێ کـردوون و دواتریـش لـە دەقـی تـردا هەسـتیان پێ دەکات، ئەمـە جگـە لـەوەی کـە سروشـتی گوتـاری ئەدەبـی جیاوازییەکـی زۆری لەگـەڵ جۆرەکانـی تـری گوتـاردا هەیـە، چونکـە زمـان لـەم دوو جـۆرە گوتـارەدا جیاوازییـان زۆرە. هەمـوو ئەمانـە ڕۆڵیـان لـە بونیادنانـی ئاسـۆی پێشـبینی خوێنـەردا هەیـە. لـە لایەکـی تـرەوە، مەبەسـت لـەو مەیلـە دەروونییـەی کـە لـە تیـۆری وەرگرتنـدا شـیکاری ئەدەبـی خـۆی لـێ ڕزگار دەکات بریتییـە لـە مەسـەلەی لایەنـی دەروونـی دەقنـووس، کـە لـە ڕەخنـەی کۆنـدا لـە خوێندنـەوەی دەق و شـیکردنەوەیدا پشـت بـەو زانیارییانـە دەبەسـترا کـە لەسـەر دەقنووسـەکە هەبـوو، بـۆ ئـەوەی خوێندنـەوەی دەقەکانـی لـە ژێـر ڕۆشـنایی خـودی دەقنووسـەکەوە بێـت، کـە ئەمـە لـە ڕەخنـەی نـوێ و هاوچەرخـدا بایەخـی پێ نـەدراوە.

(یـاوس) ئـەم زاراوەیـەی بـە مەبەسـتی خسـتنەڕووی تیۆرەکـەی لەبـارەی توێژینـەوە لـە دەقـی ئەدەبیـدا بـەکار هێنـاوە و جگـە لەمـەش هەوڵـی داوە لەمیانـی ئـەم زاراوەیـەوە ڕۆڵـی ئەزمـوون و شـارەزایی خوێنـەر لـە ئاوێتەبـوون و لێکدانـەوەی دەق و تێگەیشـتن لێـی بـەکار هێنـاوە. ئەگەرچـی (یـاوس) خـۆی پێناسـەیەکی تـەواو و گشـتگیری بـۆ چەمکـی (ئاسـۆی چاوەڕوانـی) نەکـردووە، بـەڵام دەکرێـت بڵێیـن ئاسـۆی پێشـبینی یـان چاوەڕوانـی بریتییـە لـە:

- بریتییـە لـە سیسـتەمێک لـە پێـوەر و سـەرچاوە بـۆ کۆمەڵـی خوێنـەر لـە سـاتێکی مێژوویـی دیاریکـراودا، کـە لـە چوارچێـوەی ئـەم پێـوەر و سـەرچاوانەوە دەقێکـی ئەدەبـی دەخوێنرێتـەوە و لـە ڕووی ئیسـتاتیکییەوە هەڵدەسـەنگێنرێت (بـشر، د.س.ط.، ٢٣٣).
- ئـەو مەودایەیـە کـە پرۆسـەی بونیـادی واتـا و دیاریکردنـی هێڵـە سـەرەتاییەکانی شـیکردنەوەی دەقـی تێـدا ئەنجـام دەدرێـت و لەمیانی لێکدانـەوەی ئەدەبییـەوە ڕۆڵـی خوێنـەری پـێ دەستنیشـان دەکرێـت، کـە بـە سـەنتەری چێـژ لـە ئیسـتاتیکای وەرگرتنـدا دادەنرێـت (صالـح، ١٩٩٩، ٤٥).
- بریتییـە لـە کۆمەڵێـک ئەزمـوون و گریمانـە و پێـوەر و پێشـبینی لای خوێنـەر کـە بـە هۆیانـەوە پێشـوازی لـە دەق دەکات و لێکـی دەداتـەوە (قصـاب، ٢٠٠٧، ٢٢١-٢٢٢).

ئاسۆی چاوەڕوانـی پـردی پێوەندیـی نێـوان و دەق و خوێنـەرە و ڕەنگدانـەوەی پێوەندیـی کارلێککردنـی نێوانییانـە. لـە هەمـان کاتیشـدا پردێکـی پێوەندیشـە لـە نێـوان دەقنـووس و خوێنـەردا،

چونکە دەقنووس ئاسۆی چاوەڕوانییەکەی خۆی لە بونیادنانی دەقەکەی چ لە ڕووی فۆرم و تەکنیکەوە بێت، یان لە ڕووی بونیادی واتاییەوە بێت، ئەمەش بۆ قایلکردنی خوێنەر و وەرگرەکانی دەقەکانی بۆئەوەی پرۆسەی پێوەندیکردن و گەیاندن لە دەقنووسەوە بۆ خوێنەر بێتە دی. خوێنەریش ئاسۆی پێشبینییەکەی خۆی وەکو هۆکار و پێوەرێک بەکار دێنێت بۆ قبوڵکردنی دەقەکە یان ڕەتکردنەوەی، کە هەر ئەم ئاسۆیەشە یارمەتی خوێنەر دەدات "بۆ پێکهێنانی هەستی ئیستاتیکییانەی خۆی، ئەمەش پابەندی دەکات بەوەی گفتوگۆکارێکی باشی دەقەکە بێت" (الزیود، ١٤٢٧، ٣٤٣). بۆیە کاتێک دەقێک لەلایەن دەقنووسەوە بەرهەم دێت ئەوا "شێوازی وەڵامدانەوەی بۆ پێشبینی کۆمەڵی وەرگرە یەکەمەکانی یان تێپەڕاندنی یان نائومێدکردنی یان بەرپەچدانەوەی بە پێوەرێک دادەنرێت بۆ بڕیاردان لەسەر بەها ئیستاتیکییەکانی. مەودای ئیستاتیکی نێوان ئاسۆی پێشبینی و کارە ئەدەبییەکە و لە نێوان ئەوەی کە ئەزموونە ئیستاتیکییەی پێشوو پێشکەشی دەکات لە شتە ئاشناکان و لەگەڵ گۆڕانی ئەو ئاسۆیەی کە پێویستە بو پێشوازیکردن و وەرگرتنی کارێکی نوێ، ئەوا بە خاڵی سەرەکی لە ئیستاتیکای وەرگرتندا دادەنرێت کە بەهۆیەوە تایبەتمەندییە هونەرییەکانی کاری ئەدەبی پێ دیاری دەکرێت" (یاوس، ٢٠١٦، ٥٩). بۆیە ئەگەر مەودای ئیستاتیکی نێوان ئاسۆی پێشبینی خوێنەر و ئاسۆی دەقەکە فراوانتر بوو، ئەوا ئەو دەقە کاریگەری لەسەر ئاسۆی پێشبینی و چێژی ئیستاتیکی خوێنەردا دەبێت و دەبێتە هۆی گۆڕانی ئاسۆی پێشبینی و لە ئەنجامیشدا شتێکی نوێی لێ بەرهەم دێت و دەبێتە هۆی گۆڕانی بەها ئەدەبی و ئیستاتیکییەکانی خوێنەر. ئەگەر ئەو مەودایەش لە نێوان ئاسۆی پێشبینی خوێنەر و ئاسۆی دەقەکە کەمتر بوو، ئەوا دەقەکە هیچ کاریگەرییەکی لەسەر خوێنەرەکە نابێت و تەنیا دووبارەبوونەوەی هەمان ئەزموونی پێشووتری دەبێت، بۆیە ئەگەر هەر دەقێک ئەوەی پێشکەشی دەکات لەگەڵ ئەوەی وەرگر چاوەڕوانیەتی و پێشبینی دەکات لەو دەقەدا تەبا و وەکو یەک بوون، ئەوا ئەو دەقە هیچ گۆڕانێک ڕوو نادات و هەردوو هێڵی دەقی ئەدەبی و ئاسۆی پێشبینی خوێنەر هاوتەریب دەبن (عبید، ٢٠١٣، ٧٦-٧٧). لێرەدا لە ڕوانگەی (یاوس)ەوە کاتێک ئاسۆی دەقەکە و ئاسۆی پێشبینی خوێنەر بە یەک دەگەن، سێ حاڵەت لە پێشبینی خوێنەردا ڕوو دەدات، کە بریتین لە:

- نائومێدبوون (تخییب)
- وەڵامدانەوە (استجابة)
- گۆڕان (تغییر)

تەنیا دەق و پێدراوەکانی دەق لە ڕووی بونیادی فۆرم و واتاوە کاریگەرییان لەسەر ئاسۆی پێشبینیدا نییە، بەڵکو هەندێک هۆکاری تر هەن لە دەرەوەی خودی دەق کاریگەرییان لەسەر پێشبینییەکانی خوینەردا هەیە، کە زۆرجار پێوەندییان بە دەقنووسەوە هەیە.

**تەوەرەی دووەم: ستراتیژییەتی ئاسۆی پێشبینی و میکانیزمی بونیادنانی واتا**

یەکێک لەو میکانیزمانەی (یاوس) کە بەهۆیەوە دەتوانرێت واتای دەقی لەسەر بونیاد بنرێت، لە هەمان کاتیشدا پرۆسەی ئاوێتەبوون و لێکدانەوەی پێوە بەندە بریتییە لە (ئاسۆی پێشبینی) خوێنەر. هەر خوێنەرێک کاتێک دەقێک دەخوێنێتەوە یان وەریدەگرێت، ئەوا ئاسۆیەکی پێشبینی پێشوەختەی هەیە کە بەهۆیەوە پێشوازی لەو دەقە دەکات، بۆیە ئاسۆی پێشبینییەکەی دەخاتە گەڕ بۆ ئەوەی بەهۆیەوە لە دەقەکە وردبێتەوە و لێکدانەوەکانی دەست پێ بکات بەگوێرەی ئەو ئاسۆی پێشبینییەی کە هەیەتی، کە یەکێک لەو لایەنانەی لە ئاسۆی پێشبینی خوێنەردا ئامادەیی هەیە مەسەلەی واتایە و ئاسۆی پێشبینی خوێنەرەکان ڕۆڵیان لە ڕاڤەکردن و لێکدانەوەی واتای دەقدا هەیە، کە زۆرجار ڕەنگ بێت ئەو واتایەی لای خوێنەر هەیە لەگەڵ واتای دەقەکە یەک نەگرێتەوە، بەمەش خوێنەر تووشی جۆرێک لە تێڕامان و وردبوونەوەی زیاتر بکات بە مەبەستی هەوڵدان بۆ گۆڕینی ئاسۆی پێشبینی خۆی و بونیادنانی ئاسۆیەکی تر، تاوەکو بتوانێت لێکدانەوەی دروست بۆ واتای دەقەکە بکات، چونکە هەر دەقێک هەڵگری کۆمەڵێک نیشانەیە و هەر نیشانانەیەکیش بارگاوییە بە چەند مەدلولێک و ڕەنگ بێت هەمان ئەو مەدلولە نەبێت کە لە زەینی

خوینەردایـە، بۆیـە ئاسـۆی پێشـبینی "نوێنەرایەتـی ئـەو فەزایـە دەکات کـە پرۆسـەی بونیادنانـی واتـا و دیاریکردنـی هەنـگاوە ناوەندییەکانـی شـیکردنەوە لـە ڕێگەیـەوە ڕوو دەدات، هەروەهـا ڕۆڵـی خوێنـەر لـە بەرهەمهێنانـی واتـا لـە ڕێگـەی لێکدانـەوەی ئەدەبییـەوە دیـاری دەکات کـە بـە چەقـی چێـژ دادەنرێـت لـە ئیسـتاتیکای وەرگرتنـدا" (صالـح، ١٩٩٩، ٤٥). ئاسـۆی پێشـبینی "واتـای تێـدا بونیـاد دەنـرێ و چەشـەی ئەدەبـی وەرگـر دیـاری دەکات" (عبیـد، ٢٠١٣، ٧٤). خوێنـەر هەڵگـری ئاسـۆیەکی تایبەتییـە کـە بـە تێپەڕبوونـی کات و ئەزمـوون و زانیـاری و ڕۆشـنبیری خـۆی بونیـادی نـاوە، کاتێکیـش ڕووبـەڕووی دەقێـک دەبێتـەوە سـەرەتا بـەم ئاسـۆیەوە پێشـوازی لـێ دەکات و وەریدەگرێـت. لـە هەمـان کاتیشـدا خوێنـەر مافـی لێکدانـەوەی جۆراوجـۆری بـۆ واتـای دەقەکـە هەیـە، جـا ئـەم لێکدانەوانـە دروسـت بـن یـان نادروسـت، لـە واتـای دەقەکـەوە نزیـک بـن، یـان دوور، ئەمـە پەیوەسـتە بـە توانسـتی خوێنەرەکـە و ئەزمـوون و شـارەزایی و وردیـی خوێندنـەوە و شـیکردنەوەی خوێنەرەکـەوە. گرنـگ ئەوەیـە کـە خوێنـەر مافـی لێکدانـەوەی هەیـە و لـەم پرۆسـەی لێکدانەوەشـدا مافـی سـەرلەنوێ بەرهەمهێنانـەوەی واتـای نوێـی بـۆ دەق هەیـە، چونکـە لـە ڕەخنـەی هاوچەرخـدا "پێشـوازیکردنی دەق بایـەخ بـە خوێنـەر و پرۆسـەی خوێندنـەوە و دیاریکردنـی واتـای دەق و لێکدانـەوەی دەدات" (الویـلي و البازعـي، ، ٢٨٣)، لێـرەوە پرۆسـەی بەرهەمهێنانـی واتـای دەق دەگوێزرێتـەوە بـۆ خوێنـەر، کـە ئەمـەش لـە ئیسـتاتیکای وەرگرتنـدا بـە چەقـی چێـژی ئەدەبـی دادەنرێـت.

لـە ئاسـۆی پێشـبینی هـەر خوێنەرێکـدا کـە ئەزمـوون و شـارەزایی و زانیاریـی سـەبارەت بـە خوێندنـەوەی دەقـی ئەدەبـی تێدایـە، (کـە بـە تێپەڕبوونـی کات و هەوڵدانـی خوێنـەر بـۆ شـارەزابوونی لـە چەمکـی ئـەدەب و ژانرەکانـی بونیـاد نـراوە، جـا ئـەم ئەزمـوون و شـارەزایی و زانیارییانـە پێوەندییـان بـە نـاوەوەی دەق و بونیـادی هونـەری و تەکنیـک و ئیسـتاتیکای دەقـەوە هەبێـت یـان پێوەندییـان بـە دەرەوەی دەق و بابـەت و بیـری دەقـی ئەدەبییـەوە هەبێـت)، هەمـوو ئەمانـە دەبنـە پێـوەر بـۆ خوێنـەر و ڕێنیشـاندەر دەبـن لـە چۆنێتیـی مامەڵەکردنـی خوێنـەر لەگـەڵ دەقـدا. بەشـێک لـەو ئەزمـوون و شـارەزایی و زانیارییانـە پێوەندییـان بـە واتـا و دەلالەتـی ئـەو نیشـانانەوە هەیـە کـە لەنێـو دەقـە ئەدەبییەکانـدا بـەکار هێـنراون، بۆیـە واتـای نـوێ بـۆ دەقـی ئەدەبـی دروسـت دەبێـت "لـە ئەنجامـی کۆمەککردنـی دوو توخـم کـە یەکیـان ئاسـۆی پێشـبینی (افـق التوقعات)یـە ئـەو ڕەهەندانـەی کارەکـە گریمانـەی دەکات و دووەمیـان ئەزمـوون (التجربة)یـە، واتـە ئـەو ڕەهەندانـەی کـە وەرگـر بەپێـی ئەزموونـی خـۆی تـەواوی دەکات" (عبیـد، ٢٠١٣، ٥٨).

هـەر کاتێـک خوێنـەر دەقێـک دەخوێنێتـەوە ئەگـەر واتـای دەقەکـە لەگـەڵ ئـەو واتایـەی لـە ئاسـۆی پێشـبینی خوێنەرەکـەدا هەیـە یەکـی گرتـەوە، ئـەوا ئـەو دەقـە هیـچ گـۆڕان و جیاوازییـەک لـە ئاسـۆی خوێنەرەکـەدا دروسـت نـاکات و کاریگـەری بەسـەر خوێنەرەکـەدا نابێـت. لـە هەمـان کاتکـدا ئەگـەر هەمـان خوێنـەر دەقێکـی تـری خوێنـدەوە و ئـەوەی لەنێـو دەقەکـەدا هەیـە لەگـەڵ ئاسـۆی پێشـبینی خوێنەرەکـە یەکـی نەگرتـەوە، بەتایبەتیـش لـە مەسـەلەی (واتـا)ی دەقەکـە خوێنەرەکـە لـە واتـای دەقەکـە تـێ نەگەیشـت و لەمپـەڕ لـە پرۆسـەی گەیانـدن و تێگەیشـتن دروسـت بـوو، ئـەوا خوێنـەری ئـەم دەقـە هەڵوێسـتەیەک دەکات و لـەوە دەگات کـە لـە ئاسـۆی پێشـبینییەکەیدا کێشـەیەک هەیـە و هاوتـای ئـەوە نییـە کـە دەقەکـە پێشکەشـی کـردووە، بۆیـە هەوڵـدەدات بـە ئاسـۆی پێشـبینییەکەیدا بچێتـەوە و گۆڕانـکاری تێـدا بـکات. بابەتەکـە پەیوەسـتە بـە جـۆری نیشـانەکان و پێوەنـدی واتایـی نێـوان دال و مەدلولەکانیـان لەنێـو هـەر دەقێکـدا، چونکـە "زۆرجـار دەقەکـە ئامـاژە بـۆ شـتێکی تـر دەکات جیـاواز لـەوەی نیشـانی دەدات یـان دەردەکەوێـت یـان جگـە لـەوەی کـە وا دیـارە مەبەسـتێتی. لێـرەوە لەسـەر وەرگـر پێویسـت دەکات بـۆ شـیکردنەوەی نهێنییەکانـی زمانـی ڕەمـزی" (سـحلول، ٢٠٠١، ٦٤) دەقەکـە، لەبەرئـەوەی زمانـی ئـەدەب زمانێکـە جیـاوازە لـە زمانـی ئاسـایی و زمانێکـە دەبێتـە هـۆی ناهاوتەبایـی لـە نێـوان دەق و خوێنـەردا، چونکـە ئـەو نیشـانانەی لـەم زمانـە بـەکار دێـن نائاسـایین و لادانـی واتاییـان تێـدا ڕووی داوە و بارگاویـن بـە چەندیـن واتـا کـە زۆرجـار خوێنـەر و وەرگـر درکیـان پـێ نـاکات و لـە مەبەسـتییان تـێ نـاگات.

ئاسـاییە کـە لـە مێشـکی هـەر خوێنـەر و وەرگرێکـدا

فەرهەنگێــک لــە وشــە هەیــە و خوێنــەر دال و مەدلولییــان دەزانێـت؛ واتـە خوێنـەر وشـە و واتاکـەی دەزانێـت. ئەگەریـش خوێنەرەکـە خوێنــەر و وەرگرێکــی ئــەدەب بێــت و خوولیــای خوێندنــەوەی دەقــی ئەدەبــی (بــە هەمــوو ژانرەکانییــەوە) بێـت، ئـەوا ئاسـاییە تـا ڕادەیەکـی بـاش شـارەزایی مەدلولـی زۆرێـک لـەو نیشـانانەیە کـە لـە دەقەکانـدا بـەکار هێـنراون و مەلولــی بەپێــی ســیاقی بەکارهێنانیــان دەگۆڕێــت، بۆیــە ڕەنـگ بێـت کۆمەڵێـک نیشـانە لای خوێنـەر هـەر یەکەیـان مەدلولێکــی دیاریکراویــان هەبێــت و خوێنەرەکــە بــەم مەدلولانـە ڕاهاتبێـت و لای ئاشـنا بێـت و واتـای نیشـانەکان لای خوێنــەر ســواو بێــت لــە ئەنجامــی زۆر بەکارهێنانیــان لـە دەقەکانـدا، بۆیـە کاتێـک خوێنەرەکـە ئـەم نیشـانانە (بـۆ نموونـە) لـە دەقێکـی شـیعریدا دەخوێنێتـەوە کـە هەمـان ئـەو مەدلولانەیـان هەیـە کـە لـە مێشـک و زەینـی خوێنەرەکـەدا هـەن، ئـەوا ئەمـە هیـچ گۆڕانکارییـەک لـە ئاسـۆی پێشـبینی خوێنەرەکــەدا دروســت نــاکات و خوێنــەر لــە تێگەیشــتنی واتـای دەقەکـە کێشـەی نابێـت و تووشـی حاڵەتـی سەرسـوڕمان و دەستەوەسـتان نابێـت بەرامبـەر دەقەکـە، بـەڵام کاتێـک ئـەو نیشـانانە لـە دەقێکـی تـردا دەبینێـت و دەقنـووس مەدلولـی جیاوازتــر لــەو مەدلولانــەی لــە زەینــی خوێنەرەکــەدا هــەن لـەو نیشـانانەدا بـار کـردووە و واتـای تـری پـێ داون کـە زۆر دوورن لــەو مەدلولانــەی پێشــتر هەیانبــووە، ئــەوا خوێنــەر یەکســەر بــێ وردبوونــەوە و تێڕامــان و لێکدانەوەیەکــی قــووڵ لـە واتـا نوێیەکانـی نیشـانەکان نـاگات، چونکـە هەمـان ئـەو واتایــە نیــن کــە لــە ئاســۆی پێشــبینی خوێنەرەکــەدا هەیــە، بەڵکــو واتایەکــی جیاوازتــرە و خوێنــەر پێــی ئاشــنا نییــە و لای نامۆیــە و پێشــبینی واتــای لــەم جــۆرەی نەکــردووە. بــۆ نموونــە دەشــێ لــە دەقێکــی شــیعری ســۆفیگەریدا باســی دڵـداری و عیشـق و سـوتان لـە دووری یـار و ئافـرەت و مـەی و سـاقی و سەرخۆشـبوون و ..... هتـد کرابێـت، بـەڵام لێـرەدا و لــەم جــۆرە شــیعرانەدا مەبەســتەکە دڵداریــی ئافــرەت یــان مەیخواردنـەوە و سەرخۆشـبوون نییـە، وەک ئـەوەی لـە شـیعری دڵـداری و مەینۆشـیدا هەیـە، بەڵکـو ئـەم نیشـانانە لـە شـیعری سـۆفیگەریدا واتـای تریـان لـێ بارکـراوە و مەدلولـی تریـان پـێ دراوە، کـە خوێنـەری ئاسـایی لێیـان تـێ نـاگات و چونکـە ئاسـۆی پێشـبینییەکەی پێشـبینی واتـای لـەم جـۆرە نـاکات و لــە بەرامبــەر شــیعری وادا دەستەوەســتان دەبێــت. ئەمــەش وا دەکات خوێنــەر بــە ئاســۆی پێشــبینی خۆیــدا بچێتــەوە بــە جۆرێــک کــە لەگــەڵ پێدراوەکانــی ئــەم دەقــە بگونجێــت. ئەمەیــە کــە گۆڕانکاریــی ئەرێنــی لــە ئاســۆی پێشــبینی خوێنەرەکــەدا دروســت دەکات.

**تــەوەرەی ســێیەم: هونــەرە جوانکارییــەکان و ڕۆڵیــان لــە گۆڕانــی ئاســۆی پێشــبینی خوێنــەردا**

زانســت یــان هونــەری جوانــکاری لقێکــی زانســتی ڕەوانبێژییــە و ڕۆڵێکــی گرنــگ و کاریگــەر لــە جوانکردنــی دەربڕینـدا دەبینێـت و جۆرێـک لـە جوانـی بـە وشـە و واتـا لـە دەربڕینـدا دەبەخشـێت "جوانـکاری بەشـێوەیەکی گشـتی لــەو ڕەگــەز و دەســتوورانە دەدوێ کــە لایەنــی هونــەری و جوانــی ئــەدەب ڕوون دەکەنــەوە" (گــەردی، ١٩٧٥، ١). وەک دەریشــدەکەوێت هونەرەکانــی جوانــکاری لــە دوو لایــەن دەردەکــەون، جۆرێکیــان تایبەتــە بــە لایەنــی ڕووخســار و شـێوەی ئەدەبییـەوە. جۆرەکـەی تریـان تایبەتـە بـە ناوەڕۆکـی ئەدەبییــەوە (گــەردی، ١٩٧٥، ١)؛ واتــە لایەنــی جوانکردنــی وشــە و واتــای دەق دەگرێتــەوە.

ڕەخنەگـران و ڕەوانبێـژەکان سـوربوون لەسـەر بایەخـدان بـە (خوێنــەر) وەرگــر، ئەویــش لەمیانــی جەختکردنــەوە لەســەر هەندێــک دیــاردەی ڕەوانبێــژی کــە ڕۆڵــی بەرچاویــان لــە زیندووکردنــەوەی هۆشــیاری و ئاگایــی خوێنــەر و بەدیهێنانــی بەشــدارییەکی کارایانــە و ئەرێنییانــەی خوێنــەر هەبــووە لــە پرۆســەی داهێنانــی ئەدەبیــدا و دووریــان خســتۆتەوە لــە هــەر وەرگرتنێکــی نەرێنییانــەی دەق کــە زۆرجــار خوێنــەری تــێ دەکەوێــت و دوورە لــە زیندوویێتــی و وروژانــدن، لــەم بوارەشــدا بەشــێک لــە ڕەخنەگــران و ڕەوانبێــژەکان ئاماژەیــان بــە هەندێــک لایــەن داوە، وەک: وروژانــدن، نامۆبــوون و پێخۆشــبوون و ســەیربوون و لەنــاکاوی و هانــدان و هەژانــدن، کــە لەکاتــی وەرگرتنــی دەقــدا ڕۆڵێکــی گەورەیــان لــە بەرهەمهێنانــی چێــژ و ســوود هەیــە (الزیــود، ١٤٢٣، ٤٣٠).

ڕەوانبێــژی (کــە جوانکاریــش لقێکــە لــەو) وەک زانســتێک لـە پێوەندییەکانـی نـاوەوەی دەق دەکۆڵێتـەوە و لـەو میانـەدا لەگــەڵ زمــان پێوەنــدی دەبەســتێت، جــا دەقەکــە ســەر

بــە هــەر ژانرێکــی ئەدەبــی بێــت. گرنــگ کارلێککردنیەتــی لەگــەڵ زمــان و پێکهاتەکــەی، چونکــە ڕەوانبێــژی بــە کایــەی گشــتی زمــان پەیوەســتە کــە لــە هەمــوو ژانرەکانــدا هاوبەشــە. بەشــێک لــە ڕەوانبێــژی دەچێتــە بــواری (لادان)، جــا لادانەکــە زمانــی بێــت، یــان دەلالــی. ئــەم لادانــە لــە شــێواز و ئاخاوتنــی ئاســایی، ڕەوانبێــژی دەســازێنێت و بەهــای دەق بــەرز دەکاتــەوە و شــیعرییەت دادەهێنێــت (خۆشــناو، ٢٠١٠، ٣٥-٣٦). لادان لــە زمانــی ئاســایی لەســەر ئاســتی زمــان و دەلالــەت جۆرێــک لــە جوانــکاری وشــەیی و واتایــی دروســت دەکات، کــە دەبێتــە هــۆی ئــەوەی زمانــی دەق لــە زمانــی ئاســایی ڕۆژانــە و زمانــی زانســتی بەرزتــر بێتــەوە و جوانــی و هونەرکارییەکــی کاریگــەر و بەچێــژ بێتــە کایــەوە کــە کاریگەرییەکــی ڕاســتەوخۆی بەســەر خوێنــەرەوە هەبێــت. بەشــێک لــە هونــەرە جوانکارییەکانــی ســەر بــە ڕەوانبێــژی لەمیانــی ئــەو لادانــەی کــە لــە زمانــی شــیعریدا دروســتی دەکــەن، جۆرێــک لــە شــیعرییەت بــە زمــان دەدەن و وا دەکــەن واژە و دەربڕینــەکان ئاســایی نەبــن و لــە واتــای ڕاســتەوخۆ و ئاشــکرا و ئاســایی دوور بکەونــەوە، بــە جۆرێــک کــە زۆرجــار خوێنــەر تووشــی سەرســوڕمان و حەپەســان دەکــەن کــە لــە ئاســت تێگەیشــتن لــە واتــای دەقەکــە دۆش دادەمێنیــت، بەمــەش ئــەم هونەرانــە وا دەکــەن پرۆســەی گەیاندنــی واتــا و پەیامــی دەق ڕاســتەوخۆی بــە خوێنــەر نــەگات، بەڵکــو خوێنــەر هــەوڵ دەدات بــە کۆکردنــەوەی زانیاریــی زیاتــر لەبــارەی کــۆد و نیشــانەکانی دەقەکــە و چۆنێتــی ڕیزکردنیــان لەپــاڵ یەکــتری و گۆڕانــی مەدلولەکانیــان و زیاتــر وردبوونــەوە لــەوەی دەقەکــە دەیەوێــت بیگەیەنێــت بــە پەیامــی دەقەکــە بــگات، کــە زۆرجــار ئەمــە لــەو دەقانــەی هونــەرە جۆراوجۆرەکانــی ڕەوانبێژییــان تێــدا بــەکار هێــنراوە لێکدانــەوە و ڕاڤەکردنــی واتاکانیــان کارێکــی ئاســان نییــە و پێویســتی بــە هەوڵــی زیاترە. ئــەوەی ئێمــە لێــرەدا مەبەســتمانە لــەو هــەوڵ و کۆششــەی خوێنــەر لــە لێکدانــەوەی شــیعری لــەم جــۆرەدا دەینوێنێــت بریتییــە لــەو ئاســۆی پێشــبینییەی کــە پێشــوەختە لای خوێنــەر بوونــی هەیــە و بەهۆیــەوە ڕووبــەڕووی دەق دەبێتــەوە.

ئــەم حاڵەتــە لــە ڕەوانبێــژی کۆنــدا هەســتی پــێ کــراوە، بەتایبــەت کاتێــک لــە توێژینــەوەی ڕەوانبێژیــدا بایــەخ بــە مەســەلەی میکانیزمەکانــی وەرگرتنــی دەق دراوە؛ بــۆ نموونــە ئــەم تێڕوانینــە لای ڕەوانبێــژەکان بوونــی هەیــە. ئەگــەر هاتــوو دەق لەگــەڵ (مقتــضى الحــال) یەکــی گرتــەوە، ئــەوا لەنێــوان ئاســۆی دەق و ئــەوەی دەق پێشکەشــی کــردووە لەگــەڵ ئاســۆی پێشــبینی خوێنــەر هاوتەریــبن و کێشــە بــۆ ئاســۆی پێشــبینی خوێنــەر دروســت نابێــت، بــەڵام ئەگــەر دەقەکــە لەمیانــی ئــەو لادانــەی تێدایــە لــە (مقتــضى الحــال) لای دا؛ واتــە ئــەوەی خوێنــەر پێشــبینی دەکات وا نەبــوو، ئــەوا ڕەگــەزی لەنــاکاوی و سەرســوڕمان لای خوێنــەر و وەرگــر ڕوو دەدات، کــە هانــی خوێنــەر دەدات ئــەو لادانــە بدۆزێتــەوە بــە پشتبەســتن بــە ئاســۆیەک کــە لــە توانایــدا هەبێــت لــەو واتایــە تێبــگات کــە دەقەکــە لەخــۆی گرتــووە (محمــد، ٢٠١٠، ١٦٧-١٦٨). ئەمــەش لەبــەر ئــەوەی دەقەکــە شــتێکی پێشــکەش کــردووە کــە لەگــەڵ ئاســۆی چاوەڕوانــی خوێنەرەکــەدا یــەک نییــە و لێــک دوورن، بۆیــە "ســەرچاوەی سەرســوڕمانی یەکــەم کــە ســەرچاوەی چێــژی ئیســتاتیکییە لــە بنەڕەتــدا بــۆ چەندێتــی لادانــی بەرهەمــە هونەرییەکــە لەگــەڵ ئاســۆی چاوەڕوانــی وەرگــر دەگەڕێتــەوە" (مجموعــة مــن الکتــاب، د.س.ط.، ١١١)؛ کەواتــە چەنــدە ڕێــژەی لادانەکــە بەهــۆی هونەرەکانــی ڕەوانبێــژی و جوانکارییــەوە لــە دەقەکــە زیاتــر و هونەریــتر بێــت، ئەوەنــدە زیاتــر دۆخــی سەرســوڕمانی و پێشــبنی نەکــردن لای خوێنــەرەکان دەوروووژێنێــت و بەمــەش ئاســۆی پێشــبینییەکانیان دەگۆڕێــت. ئاشــکرایە کــە هونــەرە جوانکارییــەکان ڕۆڵێکــی کاریگــەر و بەرچاویــان لــە مەســەلەی لادان لــە نەســەقی دەربڕیــن هەیــە، بــە ڕادەیــەک کــە زۆرجــار ئــەم هونەرانــە دەربڕینــی وا دێننــە کایــەوە کــە لــەو دەربڕینانــەدا جوانــی و هونەرکارییەکــی وای تێدایــە، یــان بەهۆیانــەوە شــاعیر وێنــەی شــیعری وا دادەهێنێــت خوێنــەر تووشــی سەرســوڕمانییەکی زۆر دەکــەن، کــە ئەســتەمە خوێنــەر بتوانێــت لــە یەکــەم و دووەم و چەندیــن جــار خوێندنەوەشــدا لــە پەیامــی دەقەکــە تــێ بــگات، ئەمــەش وادەکات زۆرجــار ئاســۆی پێشــبینی خوێنــەر بکەوێتــە ژێــر پرســیارەوە.

هونــەرە جوانکارییــەکان هۆکارێکــن بــۆ بەرزکردنــەوەی ئاســتی شــیعرییەتی زمانــی دەق، بــە مانایەکــی تــر ئــەم هونەرانــە وا دەکــەن زمانــی دەق لــە دۆخــی ئاساییەوە بــەرەو

شـیعرییەت و ئیسـتاتیکییەت هەنـگاو بنێـت و لـە زمانـە ئاساییە باوەکـەی ڕۆژانـە دوور بکەوێتـەوە و دەربڕینـەکان لـە ئاسـاییەوە ببنـە دەربڕینـی شـیعرئامێز و بـە واتـای تـازە و نـوێ بـارگاوی کرابـن و هەسـت و سـۆزی خوێنـەر ڕابکێشـن و چێـژی ئەدەبـی پـێ ببەخشـن، بـەڵام ئـەم هەسـت و سـۆز ورووژانـە و چێژبەخشـینەش لـە چ کاتێکـدا ڕوو دەدات؟ لـەو کاتـەی خوێنـەر ئاوێتـەی دەقەکـە دەبێـت و بـە دروسـتی لێکـی دەداتـەوە و نهێنییەکانـی ئاشـکرا دەکات و واتـا شـاراوەکانی دەخاتـە ڕوو، واتـە کاتێـک خوێنـەر ئاسـۆی پێشـبینییەکەی دەگەیەنێتـە ئـەو ئاسـتەی دەقەکـەی پـێ قبـوڵ بکرێـت و ئـەو پێـوەر و زانیـاری و گریمانانـەی لای خوێنـەر هەیـە لەبـارەی هونـەرە ڕەوانبێژییـەکان و تەکنیکەکانـی تـری دەق بتوانێـت گـرێ کوێرەکانـی دەقەکـە بکاتـەوە.

**بەشـی دووەم: ڕۆڵـی هەندێـک لـە هونـەرە جوانکارییـەکان لـە گۆڕانـی ئاسـۆی پێشـبینی خوێنـەر (بـە نموونـەی شـیعری چەنـد شـاعیرێکی کلاسـیزیمی کـوردی)**

- **پۆشین (التوریة)**


هونەرێکـی جوانکارییـە و ڕۆڵێکـی گرنگـی جوانکردنـی لایەنـی واتاییـە. یەکێکـە لـەو هونەرانـەی کـە پێچەوانـەی قسـەی ئاسایی دێنێتـە کایـەوە و خوێنـەر بـە ئاسانی پێشـبینی حاڵەتەکـە نـاکات، لەبەرئـەوەی بریتییـە لـە واژەیـەک دوو واتـای هەیـە: واتایەکـی دوور و واتایەکـی نزیـک "کـە دەڵێیـن واتایەکـی دوور، مەبەسـت ئەوەیـە کـە پیـاو درەنـگ بـۆی دەچـێ و نەختـێ لێکدانـەوەی پـێ دەوێ .. بـەڵام کـە دەڵێیـن مانایەکـی نزیـک مەبەسـت ئەوەیـە کـە گوێگـر یـان خوێنـەر هـەر زوو بـۆی دەچـێ و وەری دەگـرێ" (گـەردی، ١٩٧٥، ٨٠). جـا ئـەوەی لێـرەدا لـە پۆشـین گرنگـە بریتییـە لـە (واتـا دوورەکـە) کـە لەڕێـی نیشـانەیەکی پـۆشراوەوە دەزانرێـت واتـا دوورەکـە مەبەسـتە، ئـەو واتایـەی کـە خوێنـەر لـە سـەرەتادا پێشـبینی نـاکات و چاوەڕێـی ئـەوە نییـە ئـەو واتایـە بـدات بەدەسـتەوە. بۆیەشـە ناونـراوە (پۆشـین) چونکـە وەهـم و خەیاڵێـک لای خوێنـەر دروسـت دەکات، لەبـەر ئـەوەی لەکاتـی وتنـی واژەکـە یەکـەم شـت بـە زەینـی خوێنـەردا بێـت واتـای یەکەمـە نـەک دووەم، بۆیـە خوێنـەر وا هەسـت دەکات شـاعیر مەبەسـتی واتـای یەکەمـە، لـە کاتێکـدا واتـای دووەم مەبەسـتە. بۆیـە دەربڕیـن لـە پۆشـیندا سـەر لـە خوێنـەر دەشـێوێنێت (محمـد، ٢٠١٠، ١٧٣)، لـەوەی بـە واتـای مەبەسـتدار بـگات لـە دەقەکـەدا.

(شێخ ڕەزای تاڵەبانی) دەڵێت:

گەرچـی فەقیـر و موفلیسـە شـێخ مامـە سـاڵحم
نەمـدی کەسـێ وەکـو ئـەو سـاحێبی کـەرەم
میوانـی بـووم نـان و کـەرەی نایـە بـەر دەمـم
ئێستاش بەبێ موداهەنـە مەمنونی ئـەو کـەرەم

(شێخ ڕەزا، ٢٠١٠، ١٥٣)

ئەگـەر سـەیری ئـەم چوارینـەی شـاعیر بکەیـن، دەبینیـن وشـەی (کـەرە)ی لـە نیـوە دێـری سـێیەم و چـوارەم بـەکار هێنـاوە، کـە دوو واتـای هەیـە، واتایەکیـان بریتییـە لـەو (کـەرە) یـەی وەکـو جۆرێـک لـە پێخـۆر لەبـەر دەمـی شـاعیر دانـراوە بـۆ خـواردن کـە ئەمەیـان واتـا نزیکەکەیـە. واتاکـەی تـری بریتییـە لـەوەی شـاعیر (شـێخ مامـە سـاڵح)ی بـە (کـەر) دانـاوە لـە دەربڕینـی (مەمنونـی ئـەو کـەرەم) و ئەمەیـان واتـا دوور و ڕاستەقینەکەیە، بـۆ ئـەوەش کـە ئـەم پیـاوە یـان هـەر کەسێکی تـر نەزانێـت کـە شـاعیر مەبەسـتی (شـێخ مامـە ساڵح)ە واتاکەی بـە وشـەی (کـەرە) پۆشـیووە، جگـە لەمـەش (بـە بـێ موداهەنـە) وەکـو قەرینەیـەک وایـە کـە مەبەسـتی واتـا دوورەکەیـە. ئەمـە جۆرێکـە لـە سەرلێشـێواندنی خوێنـەر (بـە تایبەتیـش خوێنەرێـک کـە شـارەزایی ڕەوانبێـژی نەبێـت و ئاسـۆی چاوەڕوانییەکـەی لـە ئاسـت ئـەم هونـەرە جوانکارییـە نەبێـت)، چونکـە خوێنـەر یەکسـەر و ڕاستەوخۆ پێشـبینی ئـەم واتایـە نـاکات و تەنانـەت ئەگـەر لێشـی ورد بێتـەوە هـەر تووشـی گرفـت دەبێـت، هـەر چەنـدە هەوڵـی لێکدانـەوە بـدات، هـەر دوو واتاکـە خۆیـان دەسـەپێنن و خوێنـەر لـە نێـوان هـەردوو واتاکـەدا دۆش دادەمێنێـت و تـا بـە تـەواوی بـۆی یـەکلا نەبێتـەوە مەبەسـت کام واتایـە و شـاعیر مەبەسـتی چییـە؟ ناتوانێـت بڕیـار بـدات لـە مەبەسـتەکە، بۆیـە ئـەم پۆشـینە لێـرەدا "سـەر لـە وەرگـر دەشـێوێنێت و بەلاڕێیـدا دەبـات تـا بیرکردنـەوەی تیـژ بکاتـەوە بـۆ ئـەوەی درک بـە واتـای مەبەسـت بـکات" (محمـد، ٢٠١٠، ١٧٣). ئەمـەش جۆرێـک لـە سەرسـوڕمان و واقـی وڕمـان لای خوێنـەر دروسـت دەکات و کاتێـک خوێنـەر لێـی تـێ دەگات ئـەوکات چێـژی ئیسـتاتیکی دێتـە دی.




ئـەو واتایـەی سـەرەتا لـە زەینـی خوێنـەردا جێگیـر دەبێـت بریتییـە لـە واتـا نزیکەکـە، دواتـر کـە خوێنـەر هـەوڵ دەدات و خـۆی بـە لێکدانـەوەی واتاکـەوە سـەرقاڵ دەکات و بـۆی دەردەکەوێـت کـە واتـا دوورەکـە مەبەسـتە، لێـرەوە واتـا دوورەکـە لـە زەینیـدا جێگیـر دەبێـت و بەمـەش ئاسـۆی پێشـبینی خوێنـەر دەگۆڕێـت.

- **ڕەگەزدۆزی (الجناس)**


ڕەگـەزدۆزی بریتییـە لـەوەی "کـە دوو وشـە یـان پـتر بێنـی، لـە ڕووالەتـدا وەکـو یـەک وا بـن یـا بەیـەک بچـن، بـەڵام هـەر یەکەیـان واتـای تایبەتـی خـۆی هەبێـت کـە جـودا بـێ لە واتـای وشـەکانی تـر" (گـەردی، ١٩٧٥، ٧). ڕەگـەزدۆزی وەک هونەرێکـی جوانـکاری ڕۆڵێکـی بەرچـاوی لـە فریودانـی زەینـی خوێنـەر و بەلاڕێدابردنـی بیـری خوێنـەر و سەرلێشـێواندنیدا هەیـە. هونەرێکـە هەمیشـە "سـەرپێچی ئاسـۆی پێشـبینی وەرگـر دەکات، لەبەرئـەوەی وەرگـر لـە دووبارەبوونـەوەی دوو وشـە وەکـو یەکەکـە پێشـبینی هەمـان دەلالـەت دەکات" (محمـد، ٢٠١٠، ١٧٤)، لـە کاتێکـدا هـەردوو وشـەکە لـە واتـا و دەلالەتـدا جیاوازییـان هەیـە و خوێنـەر لـە سـەرەتادا پێشـبینی ئـەو جیاوازییـە نـاکات. بۆیـە ئاسـۆی پێشـبینی خوێنـەری ئاسـایی، یـان خوێنەرێـک شـارەزایی هونـەرە ڕەوانبێژییـەکان بـە گشـتی و هونـەری جوانـکاری ڕەگـەزدۆزی بـە تایبەتـی و زمانـی شـیعری کلاسـیزمی کـوردی نەبێـت، ناتوانێـت لەگـەڵ یەکـەم خوێندنـەوەدا درک بـەوە بـکات هـەر وشـەیەک بـۆ واتایەکـی جیـاواز بـەکار هاتـووە، ئەگەرچێـش لـە ڕووالەتـدا وەکـو یـەک وابـن.

(نالی) دەڵێت:

دونیـا کـە گـوڵ گوڵـی بـووە قوربـان ئەتـۆش وەرە
تالـب بـە گـوڵ بە قەیـدی چی یە گـوڵ گوڵی بـــوێ
(نالی، ١٩٧٦، ٦٩٩)

لێرەدا وشەی (گوڵ) چەند جارێک دووبارە بۆتەوە:
گوڵ گوڵی بووە: بەهارە
تالب بە گوڵ بە: گوڵت بوێ
گوڵ: یار و خۆشەویست
گوڵ: گوڵ وەک ڕووەکێک

ئـەوەی لێـرەدا گرنگـە ئەوەیە کـە لـە بابەتـی ڕەگەزدۆزییەکەدا وشـەی (گـوڵ) دوو جـار هاتـووە و ئەوەمـان یـاد دەخاتـەوە کـە دوو گـوڵ هەبـن و ئـەم دوو گوڵـە لەسـەر دوو چـڵ بـە دیـار یەکـەوە وەسـتابن و بـەدەم کـزە بـاوە وردە وردە سـەر بـۆ یەکـتر لار بکەنـەوە، بـەڵام لـە ڕاسـتیدا وا نییـە، ئـەم دوو وشـەیە هـەر یەکەیـان واتایەکـمان دەداتـێ. یەکەمیـان بـۆ دڵخـواز (یـار) خـوازراوە، ئەوەی تریشـیان (گوڵـی بەهارە) (گـەردی، ١٩٧٥، ١٠). خوێنەرێکـی ئاسـایی کـە شـارەزایی هونـەری ڕەگـەزدۆزی نەبێـت پێشـبینی ئـەوە دەکات کـە هەردوو وشـەی (گوڵ) هەمـان واتایان هەبێـت. لـە کاتێکـدا وشـەی گـوڵ جگـە لـەو واتـا فەرهەنگییـەی کـە هەیەتـی، لـە شـیعردا بـە واتـای (یـار و خۆشەویسـت)یش دێـت. بۆیـە خوێنـەر "پێشـبینی هەمـان واتـا دەکات، بـەڵام بـە شـتێکی جیـاواز لـەوەی پێشـبینی دەکـرد سـەری سـوڕ دەمێنیـت، بـەوەی دەبینێـت واژەی دووەم لـە ڕووی واتـاوە لەگـەڵ واژەی یەکـەم جیـاوازە" (محمـد، ٢٠١٠، ٧٤)، ئەمـەش لەگـەڵ ئاسـۆی پێشـبینی خوێنـەر یـەک ناگرێتـەوە، بۆیـە دەبێتـە هـۆی گۆڕانـی ئاسـۆی پێشـبینییەکەی. لـە فەرهەنگـی خوێنەرێکـی ئاسـاییدا (گـوڵ) تەنیـا یـەک واتـای هەیـە کـە ڕووەکێکـە و بـۆ جوانـی و مەبەسـتی تـر بـەکار دەهێنرێـت، بـەڵام کاتێـک ئـەم وشـەیە بـۆ (یـار و خۆشەویسـت) دەخوازرێـت و بـە واتایەکـی تـر بـارگاوی دەکرێـت، ئەمـە بـۆ خوێنـەر ئاسـایی نابێـت، چونکـە ئاسـۆی پێشـبینی خوێنەرەکـە بەمـە ئاشـنا نییـە خوێنـەر ڕاسـتەوخۆ پێشـبینی ئـەو واتایـە بارکـراوەی سـەر وشـەی گـوڵ نـاکات.



- **جوانی بایس (حسن التعلیل)**

ئـەم هونـەرە جوانکارییـە بریتییـە لـەوەی شـاعیر هـۆی بـوون و ڕوودانـی دیـاردە و شـتەکانی دەوروبـەری خـۆی بەشـێوەیەکی شـاعیرانە و دوور لـە لۆجیـک و عەقـڵ بـاس بـکات و لـە هـۆکارە ڕاستەقینەکانی بـوون و ڕوودانـی ئـەم دیـاردە و شـتانە دوور بکەوێتـەوە، کـە ئەمــەش جوانـی و دانسـقەیی بـە بـوون و ڕوودانـی دیاردەکـە دەبەخشـێت و واتاکـەی جوانـتر دەکات و چێژێکـی نموونەیـی دەبەخشـێت. ئەمـەش دەچێتـە نێـو جوانکاریـی واتاییـەوە. جوانـی بایسـیش یەکێکـە لـەو هونـەرە جوانکارییانـەی هەمیشـە سـەرپێچی ئاسـۆی پێشـبینی خوێنـەر دەکات و دەبێتـە هـۆی گۆڕانـی ئاسـۆی پێشـبینی خوێنـەر، چونکـە خوێنـەر هەرگیـز پێشـبینی هۆکارێکـی وا نـاکات کـە شـاعیر بـۆ دیـاردە و ڕووداوەکانـی دێنێتـەوە، چونکـە ڕەنگبێـت خوێنـەر هـۆکاری لۆجیکـی و ڕاسـتەقینەی دیـاردە و ڕووداوەکان بزانێـت، بـەڵام کاتێـک شـاعیر لـە شـیعردا هـۆکار و لێکدانـەوەی تـری بـۆ دێنێتـەوە ئەمـە لەگـەڵ ئاسـۆی پێشـبینی خوێنـەرەکان ناگونجێـت و بەمـەش خوێنـەر تووشـی سەرسـوڕمان دەکات، چونکـە "کاتـێ بەرهەمێکـی نـوێ دێتـە کایـەوە، وەرگـر بەپێـی ئاسـۆی پێشبینی خـۆی چاوەڕێـی هەندێـک وەڵامـی لـێ دەکات، جـا ئەگـەر بەرهەمەکـە ئـەو وەڵامانـەی کـە وەرگـر پێشـبینی دەکـرد پێـی نەبـوو، بەڵکـو کۆمەڵێـک پرسـیاری نوێـی وروژانـد، ئـەوا بەرهەمێکـی سـەرکەوتووە و دەبێتـە هـۆی گۆڕانـی ئاسـۆی پێشـبینی و چەشـەی ئێسـتێتیکی" (عبیـد، ٢٠١٣، ٩٢). جوانـی بایسـیش ئـەو وەڵامانـە نـادات بـە خوێنـەر کـە پێشـبینیان دەکات، بەڵکـو هەندێـک بابـەت لای خوێنـەر دەوروژێنێـت کـە بـۆ خوێنـەر و وەرگرەکانـی نوێـن.

(حاجی قادری کۆیی) شاعیر دەڵێت:

ئـەی مەهـی دوو هەفتـە تـا شـەمس و قەمەر تۆیـان نەدی
دانەگیرسـان ئـەو میسـالی ئاگـر ئەمیـان گـڕ نەبـوو
(حاجی قادر، ١٣٩٠، ١١٤)

ئـەوەی لـە ئاسـۆی پێشـبینی خوێنـەردا هەیـە سـەبارەت بـە خـۆر و مانـگ ئەوەیـە کـە خـۆر و مانـگ وەک دوو دروسـتکراوی خـوای گـەورە لـە ئاسـمانن و یەکیـان یەکیـان بـە ڕۆژ ڕووناکییەکـی بەهێـز و درەوشـاوە و گەرمـی دەدات و ئـەوی تریـان لـە شـەودا ڕەونـەق و ڕووناکـی و جوانییەکـی بـێ وێنـەی هەیـە، کەچـی کاتێـک ئـەم دێـرە شـیعرەی (حاجـی قـادری کۆیـی) دەخوێنێتـەوە ئاسـۆی پێشـبینییەکەی لەگـەڵ ئـەوەی شـاعیر لـەم بەیتـەدا خسـتوویەتییە ڕوو ناکـۆک و دژە و خوێنـەر تووشـی سەرسـوڕمان دەکات و خوێنـەر پێشـبینی لێکدانەوەیەکـی لـەم جـۆرە بـۆ ئـەم دوو دیاردەیـە نـاکات، چونکـە شـاعیر لێـرەدا ڕەونـەق و ڕووناکـی و داگیرسـان و شـەوقی خـۆر و مانـگ بـۆ ئـەوە دەگەڕێنێتـەوە کـە خـۆر و مانـگ کاتێـک ڕووخسـاری جـوان و شـۆخ و بـە ڕەونەقـی یارەکـەی شـاعیریان بینیـووە (کـە شـاعیر دەربڕینـی (مەهـی دوو هەفتـە)ی بـۆ خواسـتووە، کـە ئەمـەش دیسـانەوە گـۆڕان لـە ئاسـۆی پێشـبینیی خوێنـەر دروسـت دەکات) وەک ئیرەیـی پێـبردن و پێشـبڕکێیەکیش لەگـەڵ جوانـی یـار ئەمانیـش یەکیـان وەک ئاگرئاسـا داگیرسـاوە و ئـەوەی تریـان گـڕی گرتـووە. خوێنـەر پێشـبینی لێکدانەوەیەکـی لـەم جـۆرە بـۆ ئـەو دوو دیاردەیـە نـاکات، چونکـە ئـەوەی لـە زەیـن و عەقڵـی خوێنـەردا جێگیـرە لێکدانـەوە لۆجیکـی و زانسـتییەکەیە، بۆیـە کاتێـک ئاسـۆی ئـەم دێـرە لەگـەڵ ئاسـۆی پێشـبینی خوێنـەر یـەک ناگرێتـەوە، خوێنـەر ناچـارە گـۆڕان لـە ئاسـۆی پێشـبینییەکەیدا بـکات و لەگـەڵ ئـەو جـۆرە لێکدانـەوەی شـاعیردا بیگونجێنێـت یـان هاوتـای بـکات بـۆ ئـەوەی پرۆسـەی گەیاندنـی بێتـە دی و چێـژی ئیسـتاتیکی ڕوو بـدات؛ کەواتـە ئـەم دێـرە شـیعرە لەمیانـی ئـەو هونـەرە جوانکارییـەی کـە تێیـدا بـەکار هێـنراوە، ڕۆڵـی لـە گۆڕانـی ئاسـۆی پێشـبینی خوێنـەردا هەیـە.

- **موشاکەلە (المشاکلة)**

یەکێکـی تـرە لـەو هونـەرە جوانکارییانـەی پێچەوانـەی ئاسـۆی پێشـبینی خوێنـەرە و حاڵەتـی نائاسـایی لـە زمانـدا دروسـت دەکات، ئەمـەش لەبەرئـەوەی موشـاکەلە بریتییـە لـە باسـکردنی شـتێک یـان بابەتێـک بـە زمانێکـی غەیـری خـۆی یـان بـە دەربڕینـی غەیـری خـۆی، ئەمـەش لەبەرئـەوەی ئـەم شـتە یـان ئـەم بابەتـە کەوتۆتـە هاوەڵێتـی لەگـەڵ ئـەم جـۆرە دەربڕیـن و زمانـەوە، جـا ئەمـە بـە دروسـت یـان بـە خەملانـدن بێـت (محمـد، ٢٠١٠، ١٧٦).

(حەمدی) دەڵێت:

کاشکێ ئەوسا ئەسیری دەستی ئینگلیسی دەبووم
نەک بکەومە داوی زوڵف و پەرچەمی پڕ پێچی یار
(حەمدی، ٢٠١٣، ١٧٩)

لەم دێرەدا دوو جۆر ئەسیری خراوەتە ڕوو، هیچ پێوەندییەکیان بە یەکترییەوە نییە. شاعیر لە نیوە دێری یەکەمدا باسی ئەوە دەکات خۆزگە ئەسیری دەستی ئینگلیزەکان بوایە، عەقڵی خوێنەریش بۆ ئەوە دەڕوات کە ئێستا دەڵێت: بەڵام ئێستا بوومەتە ئەسیری ئەم وڵاتە کە لە ئینگلیزەکان خراپترە، کەچی کە نیوە دێری دووەم دەخوێنێتەوە، شاعیر دەڵێت: نەک بکەوتمایەتە دیلی زوڵفی یار! ئەمە خوێنەر بۆ ئەوە دەبات کە شاعیر بە هەڵەدا چووە. شاعیر موشاکەلەی لەنێوان دوو شتدا کردووە، کە ئەوانیش (سوپای داگیرکاری ئینگلیزەکان) و (کاریگەری پەرچەم و زوڵفی یار)ەکەیەتی. ئەم دوو شتە لەگەڵ یەکتر جیاوازن و بۆیە موشاکەلە دروست بووە (عبداللە، ٢٠١٣، ١٠٢). شاعیر هاتووە کەوتنە ژێر کاریگەری زوڵفی یاری وەک ئەسیری بە وشە و دەربڕینی غەیری خۆی دەربڕیوە، کە مەسەلەی ئەسیری دەستی دوژمنە، چونکە هاوەڵێتییەک لەنێوان ئەم دوو بابەتەدا هەیە. خوێنەر کە نیوە دێری یەکەم دەخوێنێتەوە لە ئاسۆی پێشبینییەکەیدا ئەوە لێک دەدرێتەوە کە شاعیر ڕەنگ بێت بەهۆی بێزاری و زوڵم و ستەم و نادادی ئەو سەردەم و وڵاتەکەی، خۆزگەی بە بندەستی ئینگلیزەکان خواستووە، بێئاگا لەوەی شاعیر ئەم خۆزگەیە بەهۆی شتێکی ترەوە دەخوازێت، کە ئەمە جێی سەرسوڕمان و نائاسایی بوونە لای خوێنەر، بۆیە هەرکە نیوە دێری دووەم تەواو دەکات، ئەوسا دەزانێت ئەم خۆزگە خواستنە بە بندەستی دوژمن بۆ ڕزگاربوونە لە ئێش و ئازاری عەشقی یار، بەمەش خوێنەر پێشبینی شتێکی لەم جۆرە ناکات و چاوەڕێیە شاعیر شتێکی تری پێ بڵێت کە لە ئاسۆی پێشبینی خوێنەردا ئامادەبوونی هەیە، کەچی شاعیر شتێکی تر دەڵێت و مەبەستی شتێکی ترە، ئەمەش دەبێتە هۆی گۆڕانی ئاسۆی پێشبینی خوێنەر.


- **پێچ و پەخش (اللف و النشر)**

ئەم هونەرەش یەکێکە لەو هونەرە جوانکارییانەی پێچەوانەی ئاسۆی پێشبینی خوێنەرە و بریتییە لەوەی کە ناوی چەند وشەیەک بەدوای یەکەوە بێنیت و لە تەک یەکتریان دابنێیت، پاشان بە قەد ئەوان وشەی تر بێنی کە پێوەندییان بەو وشانەی پێشەوە هەبێت، بێ ئەوەی دیاری بکرێت کام وشە بۆ کام وشە دەگەڕێتەوە، چونکە خوێنەر دەتوانێت هەر وشەیەک بۆ ئەوە بباتەوە کە پێوەندی پێوەی هەیە. دەبێت ژمارەی وشەکانی هەردوو بەشی گوتەکەش وەک یەک بن (عبداللە، ٢٠١٣، ٩٦).

(نالی) دەڵێت:

بە ناری عەشق و ئاوی دڵ جەسەد وەک حەزرەتی موسا
تەریقی بەحری فیرعەون و ڕەفیقی ئاتەشی تورە
(نالی، ، )

شاعیر لەم دێرەدا و لە نیوە دێری یەکەمدا دوو ناوی هێناوە کە (نار) و (ئاو)ن، پاشان لە نیوە دێری دووەمدا (بەحری فیرعەون) و (ئاتەشی تور)ی هێناوەتەوە، کە پێچ و پەخشەیەکی نارێکە. (نار) لەگەڵ (ئاتەشی تور) و (ئاو) لەگەڵ (بەحری فیرعون) هاتووە، بەڵام بەشێوەیەکی نارێک، چونکە لە نیوە دێری دووەمدا هەردوو وشەکە بەڕیز بەرامبەر دوو وشەکەی نیوە دێری یەکەم نەهاتوون، بەڵکو جێگۆڕکێیان پێ کراوە.




لێرەدا ئەرکی خوێنەرە کە وشەکان لە هەردوو نیوە دێرەکەدا بۆ یەکتر بگەڕێنێتەوە، ئەمەش دەبێتە ئەرکێکی قورس بۆی چونکە "بیر و زەینی خوێنەر زەحمەتی دەکێشێت لە بەیەکەوە پەیوەستکردنی پێچ و پەخشەکە، جا ئەگەر گەیشتە ئامانجەکەی ئەوا خوێنەر چێژ دەدۆزێتەوە" (محمد، ٢٠١٠، ١٧٦-١٧٧). بۆیە هەرچەندی پێچ و پەخشەکە نامۆتر و نارێکوپێکتر بێت و سەر لە خوێنەر بشێوێنێت و خوێنەر ماندووتر بکات ئەوا دانسقەتر دەبێت و دەبێتە هۆی تێڕامانی زیاتر و وا

دەکات لەگەڵ ئاسۆی پێشبینی خوێنەرەکانیدا هاوتا نەبێت و گۆڕان لە ئاسۆی پێشبینییاندا بکات.

- **ئاراستەکردن (التوجیە)**

یەکێکە لەو هونەرە جوانکارییانەی پێچەوانەی ئاسۆی پێشبینی خوێنەرە و لای (السکاکی) پێی دەوترێت (التوجیە) و لای (ابن حجە الحموی) پێی دەوترێت (الإیهام)، کە بریتییە لەوەی قەسەکەر قسەیەک بکات نادیار و ئاڵۆز بێت و دوو واتای جیاواز و دژیەک هەڵبگرێت، بە جۆرێک لە یەکتر جیان ەکرێنەوە و لە قەسەکەشدا هیچ شت و ئاماژەیەک نەبێت کە واتای مەبەست لە واتاکەی تر جیا بکاتەوە، لەبەرئەوەی ئامانج بریتییە لە شاردنەوەی بابەتەکە لە نێوان هەردوو واتادا (محمد، ٢٠١٠، ١٧٤). ئەو دوو واتایە جیاوازەش کە دەربڕینەکان هەیانە، دەکرێت لەنێوان (پیاهەڵدان) و (لۆمەکردن)دا بن، بەڵام نازانرێت ئایا مەبەست پیاهەڵدانە یان لۆمەکردن و توانج تێگرتنە؟ یان دەکرێت دوو واتایەکە باسی هەر بابەتێک بێت و لەمیانی ئەم بابەتەوە دوو واتای پێچەوانەی یەکتر ئامادەییان هەبێت و خوێنەر نەتوانێت بە ئاسانی بزانێت کامەیە مەبەستی سەرەکی. بۆیە خوێنەر لەنێوان هەردوو مەبەستدا سەری لێدەشێوێت و لە هەمان کاتیشدا ئاساییە خوێنەر جەخت لەسەر هەر مەبەستێکیان بکاتەوە، چونکە لە سیاقی دەربڕینەکاندا ئاماژەیەک نییە خوێنەر بۆ مەبەستێک بە تەواوی ئاراستە بکات، چونکە هەر لە بنەڕەتدا قسەکەر یان شاعیر مەبەستێتی بابەتەکە بە شاراوەیی و نادیاری بهێڵێتەوە.

(شێخ ڕەزای تاڵەبانی) دەڵێت:

ڕەزاش لەو نەسلەیە بیبەخشە یاڕەب چونکە قەت نابێ
گوڵی بێ خار و بەحری بێ بوخار و ئاگر بێ دوود
(شێخ ڕەزای تاڵەبانی، ٢٠١٠، ٥١)

ئەمە دێری کۆتایی شیعرێکی شاعیرە، کە تێیدا باسی نەسل و نەسەب و بنچینەی خۆی دەکات لە باب و باپیرانییەوە تا دەگات بە خۆی. سەرتاپای شیعرەکە وا دەردەکەوێت کە پیاهەڵدانە بەو نەسل و نەسەبە، کەچی لە کۆتاییدا شاعیر شیعرەکەی بەم دێرە کۆتایی پێ دێنێت، کە دیار نییە ئایا (شێخ ڕەزا) هەر لە سەرەتاوە بەو نەسەبە گەشبینە یان نا؟ ئایا لە بنەڕەتدا مەبەستی پیاهەڵدان بووە یان لۆمەکردن؟ ئایا کەسانێک هەبووە لەو نەسلە کە شاعیر مەبەستی ئەو بووبێت و لۆمەی کردبێت یان نا؟ چونکە لە نیوە دێری دووەمی دێری کۆتایی شیعرەکەدا دەڵێت: خودایە ببورە کە منیش لەو نەسلەم چونکە هەرگیز گوڵی بێ دڕک و دەریای بێ هەڵم و ئاگری بی دووکەڵی نابێ. ئەگەر شانازی بەو نەسلەی خۆی بکات بۆچی داوای لێخۆشبوون لە خوای گەورە دەکات! لە کاتێکدا بۆمان ڕوون ناکاتەوە کە ئەوانەی لە نەسلەکەیدا (دڕک و هەڵم و دووکەڵ)ن کێن و بۆ شاعیر ئەم دەربڕینانە بەکار دێنێت؟ بەمە سەر لەبەری دێرەکانی تری شیعرەکە دەخاتە ژێر پرسیارێکی تەمومژاوییەوە.


- **بەهەڵەبردن**

بریتییە لەو دەربڕینەی کە سەرەتا لە مێشکی بەرامبەردا واتایەک دروست دەکات، بەڵام کە قسەکەر قسەکانی تەواو دەکات، ئینجا بەرامبەرەکەی بۆی دەردەکەوێت، کە بە هەڵەدا چووە ئەگینا مەبەست بە تەواوی پێچەوانەی ئەو واتایەیە کە یەکەمجار بۆی دروست بووە (عبداللە، ٢٠١٣، ١٣٢). بەمەش وەرگر لە سەرەتادا بە تەواوی لە مەبەستی بەرامبەرەکەی ناگات، هەتا ئەوکاتەی بەرامبەرەکەی بە تەواوی مەبەستی قسەکانی بۆ وەرگر ڕوون دەکاتەوە، ئەوکات وەرگر لەوە تێدەگات کە بەهەڵەداچووە. لە شیعریشدا هەمان حاڵەت هەیە، کاتێک خوێنەر لە سەرەتاوە لە مەبەستی شاعیر تێ ناگات و لە مێشکی خۆیدا واتایەک لە قسەکانی شاعیر هەڵدەهێنجێت، دواتر کە دەقی شاعیرەکە بە تەواوی دەخوێنێتەوە و دەبینێت شاعیر مەبەستێکی تری هەیە، بەمە خوێنەر تووشی شۆک دەبێت و پێشبینی ئەو مەبەستە ناکات کە شاعیر دواتر ڕوونی دەکاتەوە، بەمەش ئاسۆی چاوەڕوانییەکەی دەگۆڕێت.

(حەمدی) دەڵێت:

هەوێنی شیری سافی شیعری حەمدی باسی شێخانە
دەترسم بیبزڕکێنن کە نابن قەت بەبێ ئاشوب
(حەمدی، ٢٠١٣، ٢٥٤)

خوێنـەر کاتێـک ئـەم دێـرە شـیعرە دەخوێنێتـەوە، سـەرەتا لــە نیــوە دێــری یەکــەم وا تــێ دەگات کــە ســەرچاوە و هەوێنـی شـیعرەکانی شـاعیر باسـی شـێخەکانە و شـاعیر بـە پیرۆزییـان دادەنێـت و ئـەو واتایـەی لـە مێشـکدا گەڵاڵـە دەبێـت، بـەڵام دواتـر کـە نیـوە دێرەکـەی تـر دەخوێنێتـەوە پێچەوانـەی هەڵوێسـتی یەکەمـی بـۆ دەردەکەوێـت، چونکـە شـاعیر لـەم نیـوە دێـرەدا ئاسـۆیەکی تـر بونیـاد دەنێـت و پێشـبینی هەڵوێسـتێکی تـەواو پێچەوانـەی هەڵوێسـتی یەکەمـی پیشـانی خوێنـەر دەدات، بـەوەی کـە ترسـی باسـی شـێخەکان شـیعرەکانی ببزرکێنـن و لەکـەداری بکـەن، چونکـە بـەلای شـاعیرەوە شـێخەکان سـەرچاوەی کێشـەن لـە کۆمەڵـگادا. لۆیـە دەبینیـن ئاسـۆی دەق و ئاسـۆی پێشـبینیی خوێنـەر لـە نیـوە دێـری دووەمـدا یەکـتر ناگرنـەوە دوو ئاراسـتەی پێچەوانـەن.




**- جەختـی پیاهەڵـدان وەکـو لۆمـە (تأكيـد المـدح بما يشـبه الـذم)**

بریتییـە لـەوەی شـاعیر سـەرەتا لـە بەرگـی لۆمـە کەڵێـک پەسـنی خـراپ بـۆ شـتێک یـان بـۆ کەسـێک ئاراسـتە دەکات، بـەڵام پاشـان بـە شـێوەیەکی تـر بڕیـاری لەسـەر دەدات و دەریدەخـات کـە ئـەو گوتانـەی پێشـووی کـە لـە بەرگـی لۆمـەدا دەبیـنران، نـەک بەلایـەوە لۆمـە نەبـووە، بەڵکـو وەسـف بـووە (عبداللـە، ٢٠١٣، ١١٤). ئەمـەش یەکێکـە لـەو هونـەرە جوانکارییانـەی "پێچەوانـەی پێشـبینی وەرگـرە، بیـر و زەینـی وەرگـر چـالاک دەکات بـۆ درککـردن بـە دەلالـەت" (محمـد، ٢٠١٠، )ی ئـەو گوتانـەی وەک لۆمەکـردن دەردەکـەون و لـە بنەڕەتـدا پەسـنی باشـە و وەسـفن بەشـێوەیەکی ئەرێنـی، کـە ئەمـەش خوێنـەر تووشـی سەرسـوڕمان دەکات و خوێنـەر لـە سـەرەتادا پێشـبینی ئـەوە نـاکات کـە وەسـف بێـت بەڵکـو پێشـبینی لۆمەکـردن دەکات، کەچـی وەسـفە.

(شێخ ڕەزای تاڵەبانی) دەڵێت:

خزمینـە مـەدەن پەنجـە لەگـەڵ عەشرەتـی جافـا
مێروولـە نەچـێ چاکـە بەگـژ قوللەیـی قافـا
کـێ بـێ لـە دلێرانـی عەشـایر کـە نەچووبـێ
وەک تیـری ئەجـەل نووکـە ڕمـی جافـی بـە نافـا
خوێنرێـژ و شـەڕەنگێز و عەدوبەنـد و تەنومەنـد
کامـی کـە گەنـە شـێرە لـە مەیدانـی مەسـافا

(شێخ ڕەزا، ٢٠١٠، ٢٠)

خوێنـەر کاتێـک نیـوە دێرەکانـی سـەرەتا دەخوێنیتـەوە، وا هەسـت دەکات شـاعیر لۆمـەی عەشـیرەتی جافـی کـردووە، چونکـە وا هەسـت دەکات کـە کۆمەڵێـک سـیفەت و کـردەوەی خراپـی کەسـانی ئـەو هـۆزەی وەک لۆمەیـەک خسـتۆتە ڕوو، بـەڵام دواتـر گـە دەڵێـت: (کامـی کـە گەنـە شـێرە لـە مەیدانـی مەسـافا)، خوێنـەر بـۆی دەردەکەوێـت کـە ئـەو سـیفەت و کردەوانـەی شـاعیر خسـتونییەتە پـاڵ پیاوانـی ئـەم عەشـیرەتە، بـۆ ئـەوە نییـە کـە ناشـیرینییان بـکات، بەڵکـو شـاعیر بـەو کـردەوە و سـیفەتانەیان دڵخۆشـە و وا دەزانێـت کـە پیاوانـی ئـەم عەشـیرەتە بەهـۆی ئـەم کـردەوە و سـیفەتانەیانەوەیە کــە هەموویــان شــێر و ئــازا و چاونەترســن (عبداللــە، ٢٠١٣، ١٤). لێـرەدا خوێنـەر لـە سـەرەتادا بـە خوێندنـەوەی دێرەکانـی سـەرەتا یەکسـەر بیـری بـۆ ئـەوە دەچێـت کـە شـاعیر مەبەسـتێتی هەجـوی پیاوانـی ئـەم عەشـیرەتە بـکات، بۆیـە هەمـوو گوتەکانـی سـەرەتای شـیعرەکە بـە لۆمەکـردن تێـدەگات و پێشـبینی ئـەوە لـەم دێرانـەدا دەکات، کەچـی کـە دەگاتـە نیـوە دێـری کۆتایـی تووشـی شـۆک دەبێـت و ئـەوەی ئـەو پێشـبینی دەکـرد پێچەوانـە دەبێتـەوە و خوێنـەر پێشـبینی ئـەوەی نەدەکـرد کـە شـاعیر مەبەسـتی پەسـن و وەسـفکرنێکی ئەرێنییانـە بێـت لـە پشـتی ئـەم سـیفەت و کردەوانـەوە، بۆیـە ئەمـەی لـە نیـوە دێـرەی کۆتایـی ئـەم کۆپلەیـەدا خراوەتـە ڕوو پێچەوانـەی پێشـبینی وەرگـرە.

- **جەختـی لۆمـە وەکـو پیاهەڵـدان (تأكيـد الـذم بما يشـبه المـدح)**

ئەمەیـان پێچەوانـەی هونـەری (جەختـی پیاهەڵـدان وەکـو لۆمـە) و بریتییـە لـەو دەربڕینـەی، کـە شـاعیر تێیـدا سـەرەتا بـە باشـی ستایشـی شـتێک یـان یەکێـک دەکات و پەسـنی دەدات، بـەڵام دواتـر دەری دەخـات کـە لـە گوتەکـەی مەبەسـتی لۆمەیـە نـەک پیاهەڵـدان و وەسـفکردن (عبداللـە، ٢٠١٣، ١١٥). ئەمـەش دیسـانەوە پێچەوانـەی پێشـبینی خوێنـەرە، چونکـە خوێنـەر لـە سـەرەتادا وادەزانێـت شـاعیر وەسـفی شـتەکە یـان کەسـەکە بـە ئەرێنـی و باشـە دەکات و پیایـدا هەڵدەڵێـت، کەچـی لەناکاوێکـدا تووشـی سەرسـوڕمان دەبێـت و بـۆی دەردەکەوێـت کـە ئەمـە وەسـف و پیاهەڵـدان نییـە و لۆمەیـە و شـاعیر لۆمـەی شـتەکە یـان کەسـەکەی کـردووە، لـە کاتێکـدا خوێنـەر پێشـبینی شـتێکی لـەم بابەتـە نەبـووە.

(حاجی قادری کۆیی) دەڵێت:

سـۆفی وەک تیشـنە لـە زیکـری هەتـاو
سـەد نوێـژی دەدا بـە کاسـەک ئـاو

(حاجی قادری کۆیی، ١٣٩٠، ١٩١)

شـاعیر لـە دێـرەدا سـەرەتا وای پیشـان دەدات کـە سـۆفی تەنانـەت لەبـەر هەتـاو و گەرمـای هەتاویشـدا زیکـر و یـادی خـوای گـەورە دەکات، بـە جۆرێـک بـە کاریگـەری ئـەو هەتـاو و گەرمایـە تینـووی دەبێـت، بۆیـە کاتێـک خوێنـەر نیـوە دێـری یەکـەم دەخوێنێتـەوە وای بـۆ دەچێـت کـە شـاعیر پەسـنی سـۆفییەکان دەکات و تەقـوا و زوهـد و دونیـا نەویسـتی ئـەوان دەخاتـە ڕوو، بـەڵام کاتێـک نیـوە دێـری دووەم دەخوێنێتـەوە پێشـبینی ئـەوە نـاکات کـە شـاعیر دەیڵێـت! چونکـە شـاعیر لۆمـەی سـۆفییەکان دەکات کـە لـە کاتـی زیکـر و یـادی خـوا و عیبادەتـدا لەبـەر هەتـاو و گەرمـادا ئەگـەر گەرمایـان بـوو و تینوویـان بـوو، ئـەوا هەرچـی عیبـادەت و زیکـر و نوێژیـان هەیـە دەیـدەن بـە یـەک کاسـە ئـاو تـا بیخۆنـەوە و تێنوویتییـان بشـکێنن، کـە خوێنـەر لـە سـەرەتادا پێشـبینی ئـەم هەڵوێسـتەی شـاعیر بەرامبـەر سـۆفییەکان نەبـوو، بەمـەش ئاسـۆی پێشـبینییەکەی گۆڕانـی بەسـەردا دێـت.

- **گاڵتەجـاڕی کـە مەبەسـت لێـی ڕاسـتی بێـت (الهـزل الـذي يـراد بـه الجـد)**

بریتییـە لـە داڕشـتنی دێڕێـک یـان چەنـد دیرێکـی شـیعری، لـە بەرگـی گاڵتـە و گەپـدا، بـەڵام لـە ناواخنـدا مەبەسـت ڕاسـتی و کاری جـددی بێـت، نـەک گاڵتـە و گـەپ (عبداللـە، ٢٠١٢، ١٣٥). ئـەم هونـەرەش پێچەوانـەی ئاسـۆی پێشـبینی خوێنـەرە، چونکـە خوێنـەر پێـی وایـە کـە شـاعیر مەبەسـتی گاڵتـە و گەپـە، لەبەرئـەوەی شـاعیرەکە بـە شـێوازێکی گاڵتەجـاڕی باسـی بابەتەکـە دەکات، کەچـی شـاعیر لـە پشـت ئـەم بـە گاڵتەجـاری نیشـاندانی بابەتەکـە، مەبەسـتێکی تـری هەیـە و دەیەوێـت ڕاسـتییەک بخاتـە ڕوو، کەچـی شـێوازی دەربڕینـەکان جۆرێـک لـە گاڵتەجاڕییـان پێـوە دیـارە. ئەمـەش دیسـانەوە سـەر لـە خوێنـەر دەشـێوێنێت و وا دەکات خوێنـەر مێشـک و بیـری بخاتـە کار بۆئـەوەی درک بـەو مەبەسـتە ڕاستەقینەیە بـکات کـە لـە پشـتی ئـەو شـێوازە گاڵتەجاڕییـەدا هەیـە.

شێخ ڕەزای تاڵەبانی دەڵێت:

چونکـە شـاعیر زۆر بـووە لـەم عـەسرەدا
بووەتـە حـەشری نێرەکـەر لـەم حوجـرەدا

(شێخ ڕەزای تاڵەبانی، ٢٠١٠، ١٧٧)

هـەر خوێنەرێـک ئـەم دێـرە بخوێنێتـەوە وادەزانێـت شـاعیر گاڵتەجاڕانـە باسـی شـاعیرانی سـەردەمی خـۆی دەکات، یاخـود ئاسـایی وەکـو بەشـێک لـە شـیعرەکانی تـری خەریکـی گاڵتەجاڕی و توانـج گرتنـە لـەم و ئـەو، کەچـی بـە وردبوونـەوە لـەم دێـرە ئـەوە دەردەکەوێـت کـە شـاعیر مەبەسـتی گاڵتـە و گـەپ نییـە، بەڵکـو لـە بەرگێکـی گاڵتەئامێـزدا ئاماژە بـە مەسـەلەیەکی جددی دەکات لـە سـەردەمەکەی خۆیـدا، ئەویـش بریتییـە لـە زۆری و بـۆری ژمـارەی شـاعیران، کـە ڕەنگـە زۆریـان هـەر بەنـاو شـاعیر بووبـن و شـیعری کـرچ و کاڵ و دوور لـە داهێنـان و هونـەرکاری و چێژێکـی ئیسـتاتیکییانە شـیعرییان نووسـی بێـت، ئەمـەش شـاعیری تەنگەتـاو کـردووە و ناڕەزایـی بەرامبـەر ئـەم دیاردەیـە دەربڕیـوە. ڕەنگـە خوێنـەر ڕاسـتەوخۆ پێشـبینی ئـەوە نـەکات کـە مەبەسـتی شـاعیر گاڵتـە و گـەپ و نوکتەبـازی نییـە، بۆیـە پێشـبینی ئـەوە نـاکات کـە لـە پشـت ئـەو شـێوازی دەربڕینـەوە مەبەسـتێکی جـددی هەیـە کـە زەرەری بـۆ کۆمەڵـگا و ئـەدەب و

ڕۆشنبیریی میللەت هەبووە. بۆیە دەبێت ئەرکی زیاتر بخاتە سەر زەین و بیر و مێشکی تا مەبەستە ڕاستەقینەکەی پشت گاڵتەجاڕییەکە بدۆزێتەوە، بەمەش خوێنەر ئاسۆی پێشبینی گۆڕانی بەسەردا دێت.

**ئەنجام:**

لەم توێژینەوەیەدا گەیشتینە ئەم ئەنجامانەی خوارەوە:

١. ئاسۆی چاوەڕوانی ئەگەرچی لە کۆمەڵێک پێوەر و گریمانە و زانیاریی پێشوەختەوە پێک هاتووە و بە درێژایی کات ڕۆڵی لە چۆنێتیی وەرگرتن و وەڵامدانەوەی دەقدا هەبووە، کەچی ڕۆڵێکی گرنگ و سەرەکی هەیە لە پێکهێنانی چێژ و بەهای ئیستاتیکی خوێنەر و تێگەیشتن و بونیادنانی واتا لە دەقدا.

٢. بەشێک لە هونەرە جوانکارییەکانی وەک (ڕەگەزدۆزی، پۆشین، پێچ و پەخش، موشاکەلە، جوانی بایس، بەهەڵەبردن، جەختی پیاهەڵدان وەک لۆمە و جەختی لۆمە وەک پیاهەڵدان، گاڵتەجاڕی کە مەبەست لێی ڕاستی بێت) کاریگەرییان لەسەر گۆڕانی ئاسۆی پێشبینی خوێنەر و وەرگرەکان هەیە.

٣. مەسەلەی ئاسۆی پێشبینی خوێنەر و گۆڕان یان نەگۆڕانی لە ڕەوانبێژیی کۆندا لە بابەتی (مقتضى الحال) هاتووە، کەواتە ڕەوانبێژەکان درکیان بەو مەسەلەیە کردووە، بەڵام نەک بەو زاراوەیە و درێژدادڕییەی کە لە تیۆرەکەی (یاوس)دا هاتووە.

٤. ئەو هونەرە جوانکارییانەی سەر بە جوانکاریی واتایین زیاتر کاریگەرییان لەسەر گۆڕانی ئاسۆی پێشبینیی خوێنەردا هەیە، بە بەراورد لەگەڵ هونەرە جوانکارییە وشەییەکان.

٥. هەر هونەرێکی جوانکاری بە گوێرەی چەندێتی ئەو لادانەی لە زمانی شیعرەکەدا هێناویەتییە کایەوە، ڕێژەی کاریگەرییەکەی بۆ سەر ئاسۆی پێشبینی دەردەکەوێت، بۆ نموونە هونەرەکانی (ڕەگەزدۆزی و جوانی بایس و پۆشین، ئاراستەکردن) زیاتر بیر و زەینی خوێنەر بەخۆیانەوە ماندوو دەکەن، ئەمەش لەبەرئەوەی لەسەر ئاستی واتادا لادانەکانیان زیاتر و وردترە.

**سەرچاوەکان:**

- **بە زمانی عەرەبی**
- **کتب**


١. بشرى موسى صالح، نظرية التلقي (اصول و تطبيقات)، ط١، دار الشؤون الثقافية العامة، بغداد، ١٩٩٩.

٢. حسن مصطفى سحلول، نظريات القراءة والتأويل الادبي و قضاياه، اتحاد الكتاب العرب، دمشق، ٢٠٠١.

٣. شعبان عبدالحكيم محمد، نظرية التلقي في تراثنا النقدي والبلاغي، ط١، دار العلم والايمان للنشر والتوزيع، كفرالشيخ، ٢٠١٠.

٤. عبدالناصر حسن محمد، نظرية التوصيل و قراءة النص الادبي، المكتب المصري، القاهرة، ١٩٩٩.

٥. مجموعة من الكتاب، نظرية التلقي (اشكالات و تطبيقات)، مطبعة النجاح، الدار البيضاء، د.س.ط. .

٦. هانس روبرت ياوس، نحو جمالية للتلقي، ترجمة: د. محمد مساعدي، الطبعة ١، النايا للدراسات والنشر، دمشق، ٢٠١٤.

٧. هانس روبيرت ياوس، جمالية التلقي (من اجل تأويل جديد للنص الادبي)، ترجمة: د. رشيد بنحدو، ط١، منشورات الاختلاف و ضفاف و دار الامان، ٢٠١٦.

٨. وليد قصاب، مناهج النقد الادبي الحديث (رؤية إسلامية)، ط١، دار الفكر، دمشق، ٢٠٠٧.

- **المجلات العلمية**

١. عبد محمود عبد بشر، افق التوقع في شعر عمر بن ابي ربيعة، مجلة الجامعة العراقية، ع: ٥٤، ج١، د.س.ط. .

٢. عبدالباسط الزيود، المتوقع واللامتوقع في شعر محمود درويش، مجلة جامعة ام القرى، ج ١٨، ع ٣٧، ١٤٢٧هـ.

- **القاموس**

١. ميجان الرويلي و سعد البازعي، دليل الناقد الادبي، .

- **بە زمانی کوردی**
- **کتێب**

١. عەزیز گەردی، ڕەوانبێژی لە ئەدەبی کوردیدا (جوانکاری)، بەرگی ٢، چاپخانەی شارەوانی، هەولێر، ١٩٧٥.

٢. هێمن عومەر خۆشناو، شیعرییەتی چیرۆکی کوردی، چ١، چاپخانەی ڕۆشنبیری، هەولێر، ٢٠١٠.

٣. ئیدریس عبداللە، جوانکاری شیعری نوێی کوردی، چ١، چاپخانەی هێڤی، هەولێر، ٢٠١٢.

٤. ئیدریس عبداللە، کۆوانەکانی ڕەوانبێژی ، چ١، چاپخانەی منارە،

هەولێر، ٢٠١٣.

٥. ئەرخەوان محمد عبید، ئاوێتەبوون و لێكدانەوە (نالی) بە نموونە، چ١، چاپخانەی كاردۆ، كەركوك، ٢٠١٣.

- **دیوانی شاعیران**

١. حاجی قادری كۆیی، لێكۆڵینەوە و لێكدانەوە: سەردار حەمید میران و كەریم موستەفا شارەزا، انتشارات كوردستان، ١٣٩٠.

٢. حەمدی، ئامادەكردنی: عبداللە خدر مولود، چ٥، چاپخانەی ڕۆژهەلات، هەولێر، ٢٠١٣.

٣. شێخ ڕەزا، ٢٠١٠.

٤. نالی، مەلا خدری ئەحمەدی شاوەیسی مكایەڵی، چاپخانەی كۆڕی زانیاری كورد، بەغدا، ١٩٧٦.

**ملخص**

في النقـد الجديـد والمعـاصر ، يعتـبر الاهتـمام بالقـارئ وتعاملـه مـع النـص وفهمـه وتأويـل أسراره ومعانيـه مـن أهـم المسـائل النقديـه المعـاصرة. ومـن المسـائل التـي لـه ارتبـاط شـديد بهـذا الموضـوع قضيـة الأفـق التوقـع للقـارئ هـو مفهـوم صاغـه Yaus وهـو عبـارة عـن مجموعـة مـن التجـارب والافتراضـات والمعايـير والتنبـؤات التـي يسـتقبل القـارئ النـص مـن خلالهـا ويؤولـه. ويمكـن لنـا ان نجـد لهـذا المنظـور جـذورا عنـد البلاغيـين في دراسـتهم لآليـات التلقـي. فـإذا جـاء النـص موافقـا لمقتـضى الحـال احـدث توافقـا، وإذا انحـرف عـن مقتـضى الظاهـر ، احـدث مفاجئـة و دهشـة للمتلقـي تدفعـه الى كشـف هـذا الانحـراف ببنـاء افـق ليتسـنى لـة إدراك المعنـى الـذي يتضمنـه النـص. هنـاك كثـير مـن الفنـون البديعييـة لهـا اثـر كبـير في احـداث دهشـة و مفاجئـة لـدى القـاريء و تخالـف توقـع القـارىء و يفاجـأ القـارىء بخـلاف مـا توقعـه، فـيرى ان هنـاك خـلاف بـين افـق النـص و افـق توقعـه، حينهـا يتغيـير افـق التوقـع القـارىء، لان القـارىء يتوقـع شـيئا والنـص يقـول شـيئا اخـر.

**الكليمات المفتاحة:** علم البديع، افق التوقع القارىء، الية بناء المعنى، القارىء، النص.

## Abstract

In new and contemporary criticism, attention to the reader, his dealings with the text, his understanding, and the interpretation of its secrets and meanings are among the most important contemporary critical issues. One of the issues that is closely related to this topic is the issue of the horizon. Expectation for the reader is a concept formulated by Yaus, which is a set of experiences, assumptions, criteria and predictions through which the reader receives and interprets the text. We can find roots for this perspective in the rhetoricians in their study of the mechanisms of reception. If the text comes in accordance with the requirements of the situation, it will cause agreement, and if it deviates from the apparent requirement, it will cause surprise and astonishment for the recipient, prompting him to discover this deviation by building a horizon so that he can realize the meaning contained in the text. There are many creative arts that have a great effect in surprising and surprising events for the reader and contradict the reader's expectation, and the reader is surprised other than what he expected, so he sees that there is a disagreement between the horizon of the text and the horizon of his expectation, then the horizon of the reader's expectation changes, because the reader expects one thing and the text says something else.

**KeyWords:** esthetic, the horizon of reader expectation, the mechanism of building meaning, the reader, the text.